# چۆنێتی

# فێربوونی دەست نوێژ و نوێژ

ئامادەکردنی

**م. أبوبكر أحمد**

پێداچونەوەی

**م. صلاح الدين عبد الكريم**

چاپی پێنجەم

١٤٣٢ کۆچی - ٢٠١١ زایینی

# پێناسەی پەرتووك

**نــاوی پــەرتــووك:** چۆنێتی فێربوونی دەست نوێژ و نوێژ .

**ئـامـادەكـردنــی:** أبوبكر أحمد .

**پێداچوونـــەوەی:** صلاح الدين عبد الكريم .

**زنجـــــیرە:** زنجیرەی (٢١) لە زنجیرە ڕێنماییەكانی ڕێگای ڕاست .

**ســالّـــی چاپ:** ١٤٣٢ كۆچی- ٢٠١١ زایینی .

**نــۆبـــەتی چاپ:** چاپی پێنجەم .

**شـــوێنی چـاپ:** چاپخانەی سیڤا/ سلێمانی .

**بنكەی بڵاوكردنەوە:** كتێبخانەی سیما/چەمچەماڵ(٠٧٧٠١٢٣٦٠٨٩).

**ژمــارەی ســـپاردن:** ژمــارە(٣٤٦)ی پــێ دراوە لــە لایــەن وەزارەتــی ڕۆشنبیرییەوە .

**تیـــــــــراژ:** (٢٠٠٠ دانە ) .

✍. **مافی چاپكردن و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە .**

## خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ
وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ
وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ وَإِن كُنتُمۡ جُنُبٗا فَٱطَّهَّرُواْۚ
وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ
أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا
فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُۚ﴾ (المائدة: ٦).

## پێشەکی

إِنَّ الْحَمْدَ لِلَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَسَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِىَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾﴾ سُورَةِ آلِ عِمْرَان

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾﴾ سُورَةِ النِّسَاءِ

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ﴿٧٠﴾﴾ سُورَةِ الأَحْزَابِ

أَمَّا بَعْدُ...فَإِنَّ أَصْدَقَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللَّهِ وَأَحْسَنَ الْهَدْىِ هَدْىُ مُحَمَّدٍ(ﷺ) وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِى النَّارِ.

**باوەڕداری خۆشەویست:** لای هەمووان ڕوونو ئاشکرایە، کە (نوێژ) پلەیەکی زۆر گەورەو گرنگی هەیە لەئیسلامدا، زیاتر لە پەرستشەکانی تر، وە بنچینەی ئیسلامە لەدوای شایەتی دان بەتاك و تەنهایی خوای پەروەردگار، وە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ)، هەروەها (نوێژ) کۆڵەکەی دینە، بەشی مرۆڤ لە دینەکەیدا بەستراوە بە پەیوەست بوون و گرنگی دان بە (نوێژ)ە کانییەوە .

وە هەروەها کۆڵەکەو بنچینەی هەموو ئایینەکانی پێش ئایینی ئیسلام بووە، وە کۆنترین پەرستشە کە پێویست کرابێت لەسەر مرۆڤەکان، خوای پەروەردگار پێویستی کردووە لەسەر هەموو پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ اَلصَّلَاةُ وَالسَّلام) کە بە ئوممەتەکانیان ڕابگەیێنن و گرنگی پێبدەن و پەیوەست بن بە ئەنجامدانییەوە .

ئەمیش هەمووی لەبەر گەورەیی (نوێژ)ە، چونکە هیچ کردەوەو پەرستشێك نییە وەکو (نوێژ) کاریگەری هەبێت لەسەر(دڵ و دەروون)و پاك کردنەوەیان، وە یەکەم پەرستشە کەپێویست کرابێت لەسەر ئوممەتی پێغەمبەر(ﷺ)، وە یەکەم پەرستشە کە لەسەروی حەوت ئاسمانەوە پێویست کراوە، وە نیشانەی هەرە گەورەیە کەباوەڕداری پێ جیا دەکرێتەوە لەبێ باوەڕ، پەروەردگار کردوویەتی بە بنەوایەك بۆ جێگیر بوونی برایەتی لەنێوان باوەڕدارانـدا، هەروەها یەکەم پرسیارە کە لەڕۆژی دواییدا لەمرۆڤەکان دەکرێتو یەکەم نیشانەیە کەباوەڕداری پێ دەناسرێتەوە لەڕۆژی دواییدا، پەروەردگار ئەنجام نەدانی ئەم پەرستشەی بەهۆکارێك باسکردووە بۆ ڕۆیشتنە ئاگری دۆزەخ خوا پەنامان بدات .

**کەواتە باوەڕداری خۆشەویست:** ئەگەر پەرستشێك پایەو بنچینەیەك بێت لەبنچینەکانی ئاینی ئیسلام، وە نیشانەیەك بێت لە جیاکردنەوەی باوەڕدار لەبێ باوەڕ، وە هۆکارێك بێت بۆ جێگیر بوونی برایەتی لە نێوان باوەڕدارانـدا، هەروەها هۆکارێکیش بێت بەهۆی ئەنجام نەدانییەوە بچیتە ناو ئاگری دۆزەخ، ئەوا جێی خۆیەتی کە بەڕاستی هەوڵو کۆششێکی زۆر بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی بەتەواوی لێی شارەزا ببینو بە باشترین شێوە ئەنجامی بدەین، هەر بۆیە لەبەر گەورەییو گرنگی (نوێژ) بە پێویستم زانی کە باسی چۆنێتی فێربونی( **دەستنوێژو نوێژ**) بکەم، لەسەر بنچینەی قورئانو سوننەتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەتاکو خوای پەروەردگار سودبەخشمان بکات لەسەر چۆنێتی ئەنجامدانیان .

✍. م. أبوبکر أحمد

١٤٣١ کۆچی - ٢٠١٠ زایینی

# ئادابی دەست بەئاو گەیاندن

## بۆ چوونە سەر ئاو شەریعەتی ئیسلام چەند ئادابێکی داناوە، لەوانەش:

### (١) چوونە سەر ئاو (دُخُولُ الْخَلاء)

کاتێك دەچیت بۆ سەر ئاو دەبێت قاچی چەپت پێشبخەیتو بڵێیت:

( اللَّهُمَّ إِنِّى أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْخُبُثِ وَالْخَبَائِثِ )[١] .

واتە: خوایە من پەنات پێدەگرم لە جنۆکەی نێرو مێ، هاوەڵی خۆشەویست (ئەنەس(خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: هەرکات پێغەمبەری خوا (ﷺ) بچوایەتە سەر ئاو ئەمەی دەفەرموو. هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرموودەیەکی تردا فەرموویەتی:

( سِتْرُ مَا بَيْنَ الْجِنِّ وَعَوْرَاتِ بَنِى آدَمَ إِذَا دَخَلَ الْكَنِيفَ أَنْ يَقُولَ:

﴿بِسْمِ اللَّهِ﴾ )[٢] .



واتە: پەردەی نێوان جنۆکەو عەورەتی ئادەمیزاد

ئەوەیە کاتێك چوو بۆ سەرئاو بڵێت:﴿بِسْمِ اللَّهِ﴾ .

بڕوانە وێنەکە ←

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (١٤٢) و مُسْلِمٌ (٣٧٥) .

(٢) (صَحِيح) أَخْرَجَهُ ابن مَاجَه فِي السُّنَن (٢٧٩) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي إِرْوَاءِ الغَلِيْل(٥٠) .

## (٢) هاتنە دەرەوە لەسەر ئاو (الْخُرُوجِ مِنْ الْخَلاءِ)

هەر كاتێك لەسەرئاو بوویت و بتەوێ بێیتە دەرەوە، دەبێت لەپێشدا قاچی ڕاستت پێش بخەیت و پاشان بێیتە دەرەوە، ئینجا بڵێی: (غُفْرَانَكَ) واتە: خوایە لێم خۆشببە، دایكی باوەڕداران خاتوو (عَائشَةَ) (خوای لیٚ ڕازی بێت) دەفەرمووێت:

(كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) إِذَا خَرَجَ مِنَ الْخَلاَءِ قَالَ « غُفْرَانَكَ»[1] .

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەركاتێك لەسەر ئاو بهاتایەتە دەرەوە دەیفەرموو: (غُفْرَانَكَ) واتە: خوایە لێم خۆشببە .




بڕوانە وێنەكە ←

(١) (حَسَن) أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد وَالتِّرْمِذِيّ وابن ماجه وَحَسَّنَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الْجَامِع(٤٧٠٧) .

## قەدەغە لێکراوەکانی سەرئاو:

**(١) نە ڕوو نە پشت لە قیبلە مەکە** (لاَتَسْتَقْبِلِ الْقِبْلَةَ وَلاَ تَسْتَدْبِرْهَا):

لە کاتی ڕزگاربوون لە پاشەڕۆدا ڕو وپشت لەقیبلە مەکە، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە، هاوەڵی خۆشەویست ئەبو ئـەیوبی ئەنصـاری (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

(إذا أتيتُمُ الغائِطَ فَلا تَسْتَقْبِلُوا الْقِبْلَةَ وَلاتَسْتَدْبِرُوهَا وَلَكِنْ شَرِّقُوا أَوْ غَرِّبُوا)[١].

واتە: ئەگەر چوونە سەر ئاو نەڕوو لەقیبلە بکەن نەپشـت، بـەڵکو ڕوو بکەنـە ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا .

هــاوەڵی خۆشەویســت ئــەبو ئــەیوبی ئەنصــاری (خــوای لــێ ڕازی بێــت) دەفــەرمووێت: کاتێـك هاتینــە شــام ئاودەســەکان ڕووەو قیبلــە درووســت کرابـوون، ئێمـەش هـەرکات بچووینایەتە سـەر ئـاو، ئـەوا لار دەبووینـەوەو داوای لێخۆش بوونمان لە خوا دەکرد .

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٣٩٤) ومُسْلِمٌ (٦٠٨) .

## ( ٢ ) بەدەستی چەپ تارات بکە (اسْتَنْجِ بِالْيَسَار):

دەستی چەپ بۆ پیسی لابردن بەکار دەهێنرێت، واتە: نابێت بەدەستی ڕاست تارات بکەیت، ئەبو قەتادە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

(إِذَا بَالَ أَحَدُكُمْ فَلاَ يَأْخُذَنَّ ذَكَرَهُ بِيَمِينِهِ، وَلاَيَسْتَنْجِي بِيَمِينِهِ)[١] .

واتە: ئەگەر یەکێکتان میزی کرد، ئەوا با بەدەستی ڕاستی زەکەری نەگرێت، وە خۆیشی بە دەستی ڕاستی پاك نەکاتەوە .

## ( ٣ ) خۆپاراستن لە پریشکی پاشەڕۆ (الاِسْتِنْزَاه مِنَ الْبَوْل):

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگاداری کردووینەتەوە کە خۆمان جوان لە پاشەڕۆ پاك بکەینەوە، چونکە خۆ پاك نەکردنەوە هۆکارێکە بۆسزای ناو گۆڕ، ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( تَنزهُوا مِن الْبَوْلِ فإنّ عامّةَ عذابِ القَبْرِ مِنْهُ )[٢] واتە: خۆتان لەپاشەڕۆ جوان پاك بکەنەوە، چونکە زۆرینەی ئەو کەسانەی کەسزای ناو گۆڕ دەدرێن بەهۆی جوان پاك نەبوونەوەیانە لەپاشەڕۆ، وە جارێکیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەلای دووگۆڕدا تێپەڕی‌و فەرمووی: خاوەنی ئەم دووگۆڕە سزادەدرێن، چونکە یەکێکیان خۆی لەپاشەڕۆ پاك نەدەکردەوە[٣].

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (١٥٤) و مُسْلِمٌ (٦١٢)، بەلاّم ئەگەر کەسێك عوزێکی هەبێت هیچی تێدا نییە إِنْ شَاءَ اللَّه .

(٢) (صَحِيح) أَخْرَجَهُ الدَّارَقُطْنِيّ، وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الجَامِع (٣٠٠٢) .

(٣) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (١٣٧٨) و مُسْلِمٌ (٦٧٥) .

### ( ٤ ) نەگرتنەوەی بۆڕی ئاو (الإِهْمَالُ فِي إِغْلَاق صَنَابِيرِ الْمَاءِ):

پشتگوێ خستن‌و نەگرتنەوەی بۆڕی ئاو کارێکی نادروستە ئیمامی نەوەوی (ڕەحمەتی خوای لێبێ) دەفەرموویێت: ( وَأَجْمَعَ الْعُلَمَاءُ عَلَى النَّهْي عَنْ الْإِسْرَاف فِي الْمَاء وَلَوْ كَانَ عَلَى شَاطِئِ الْبَحْر وَقَالَ: بَعْض أَصْحَابنَا الْإِسْرَاف حَرَام)[١].

واتە: زانایان لەسەر ئەوە یەك دەنگن کە بەفیڕۆدانی ئاو کارێکی نادروستەو ڕێگە پێ نەدراوە ئەگەر لەسەر کەناری ڕووباریش بێ، وە هەندێك لە هاوەڵانمان فەرموویانە دەست بڵاوی و ئیسرافکردن حەرامە (وَاللَّهُ أَعْلَم) .

### ( ٥ ) قسە کردن لە ناو ئاودەستدا (الْكَلَام فِي الْخَلَاءِ):

قسەکردن لە ناو ئاودەس کارێکی قێزەون‌و ناشرینە، ئیمامی نەوەوی (ڕەحمەتی خوای لێبێ) دەفەرموێت: (وَكَذَلِكَ يُكْرَه الْكَلَام عَلَى قَضَاء الْحَاجَة بِأَيِّ نَوْع كَانَ مِنْ أَنْوَاع الْكَلَام، وَيُسْتَثْنَى مِنْ هَذَا كُلّه مَوْضِع الضَّرُورَة، كَمَا إِذَا رَأَى ضَرِيرًا أَوْ حَيَّة أَوْعَقْرَبًا أَوْغَيْر ذَلِك ... )[٢] .

واتە: قسەکردن لەسەر ئاو کارێکی ناشرین‌و قێزەونە، بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان بێت، جگە لەوەی کەسێك شتێکی زیان بەخش ببینێت، وەك (**ماریان دوپشك، هتد**)، لەم حاڵەتەدا پێویستە خەڵکی ئاگادار بکرێتەوە بۆ ئەوەی کەس زیانی پێ نەگات، هەروەها ڕێ نشاندانی نابینا بۆ ئەوەی گیانی پیس نەبێت .

---

(١) بڕوانە: (شَرْح النَّوَوِيّ عَلى مُسْلِم) (٤/٢) وتُحْفَةُ الأَحْوَذِيّ (٥٢/٦٧/١)، وە جگە لەوانیش .

(٢) بڕوانە: (شَرْح النَّوَوِيّ عَلى مُسْلِم(٥٥٥/٨٦/٢) وتُحْفَةُ الأَحْوَذِيّ (٣٣٠٦/٢٨٢/٨) وە جگە لەوانیش .

**(6)خۆپاك كردنەوە بە پشقل وئێسقان** (الإسْتِنْجَاءُ بِبَعْرَةٍ أَوْ عَظْمٍ):

قەدەغـە كـراوە لـە شـەرعی ئیسـلامدا خۆپاككردنـەوە بەپشـقلو ئێسـقان، هاوەڵی خۆشەویست جابر (خوای لیٚ ڕازی بێـت) دەفـەرمووێت: (نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ يُتَمَسَّحَ بِعَظْمٍ أَوْ بِبَعْرٍ)[1] واتـە: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) قەدەغـەی كردووە خۆپاك كردنەوە لە پاشەڕۆ بەپشقل و ئێسقان .

**(7)دەست بە ئاو گەیاندن لەسەر ڕێگای خەڵك** (التَّخَلِّي فِي طَرِيق النَّاس أوْظِلِّهِمْ)

یـەكێك لـەو شـوێنانەی كـە لەشـەرعدا قەدەغـەی لێكـراوە بۆدەسـت بـە ئـاو گەیانـدن بریتیـە لـە شـوێنی هاتوچـۆ كردنـی خـەڵكی، یـان لـە سـێبەری شـوێنێك كەخـەڵكی لێـی دادەنیشـێت، هـاوەڵی خۆشەویسـت ئـەبو هـورەیرە (خـوای لـیٚ ڕازی بێـت) دەفـەرمووێت: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویـەتی: «اتَّقُـوا اللَّعَّـانَيْن» قَـالُوا وَمَـا اللَّعَّانَـانِ؟ يَـا رَسُـولَ اللَّهِ(ﷺ) قَالَ: الَّذِی يَتَخَلَّى فِي طَرِيقِ النَّاسِ أَوْ فِي ظِلِّهِمْ )[2] .

واتـە: خۆتـان بپـارێزن لـەو دوو شـتەی كەدەبنـە هـۆی نـەفرەت لێكـردن، ووتیـان ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـەو دوو شـتە چـیە؟ فـەرمووی: ئـەو كەسـەی كـە لەسـەر ڕێگـای خـەڵكی دەسـت بـە ئـاو دەگـەیٚنیٚ، یـان لە سێبەرێك كە خەڵكی لێی دادەنیشێت .

---

(١) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٦٠٧) .

(٢) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٦١٧) .

**(8)دەست بە ئاوگەیاندن لە حەمامدا (قَضَاءُ الْحاجَّة فِي الْمُسْتَحَمِّ)**

هاوەڵی خۆشەویست عَبْد اللَّه بْن مُغَفَّل (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: ( أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) نَهَى أَنْ يَبُولَ الرَّجُلُ فِي مُسْتَحَمِّهِ )[١] واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە میزکردن لە حەمامو شوێنی خۆشۆرین .

**تێبینی**/ زاناکان دەفەرموون: ئەگەر حەمامێك ڕێڕەوێکی هەبوو یان (کوناوێك)، ئەوا ئەم قەدەغەیە نای گرێتەوە ( واتە: شوێنەواری پیساییەکەی پێوە دیار نەما بێت )[٢] .

**(٩) نابێت میزو پاشەڕو بکرێتە ناو ئاوی ڕاوەستاو(لاَ يَبُول فِي الْمَاءِ الرَّاكِد)**

هاوەڵی خۆشەویست جابر (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: (أَنَّهُ نَهَى أَنْ يُبَالَ فِي الْمَاءِ الرَّاكِدِ.)[٣] واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە میزو پاشەڕۆ بکرێتە ناو ئاوی ڕاوەستاو .

**تێبینی**/ ئەم قەدەغەیە بۆ ئاوێکە کە لەبەری ناڕواتو کەم بێت، چونکە بۆنو ڕەنگی دەگۆڕێتو پیس دەبێت، بەڵام ئەگەر ئاوەکە زۆر بوو ئەوا ئەم قەدەغەیە نای گرێتەوە، بەڵام ئەگەر خۆپارێزی بکرێتو ئەو کارە ئەنجام نەدرێت ئەوا چاکترو باشترە، (وَاَللَّه أَعْلَم)[٤] .

---

(١) (صَحيح) أَخْرَجَه التِّرْمِذِي (٢١) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الْجَامِع (٧٣٢٥) .

(٢) بروانە: (تُحْفَةُ الأَحْوَذِيّ) (١/٢٧) وة (نَيْل الأَوْطَار) (١/٢٢٣) وە جگە لەوانیش .

(٣) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٦٠٨) .

(٤) بروانە: (شَرْح النَّوَوِيّ عَلَى مُسْلِم) (١/٤٥٤) وە جگە لەویش .

## تێبینی/

### سوننەتە شۆرینی هەردوو ناو لە پی دەست لە دوای دەرچوون لەسەرئاو .

هەركاتێك لەسەرئاو بوويت، پاشان هاتيتە دەرەوە، ئەوا بەئاوو سابون هەردوو ناو لەپی دەستت پاك بشۆرە، چونكە باوەڕدار پاكەو ئاينی پيرۆزی ئيسلاميش بانگمان دەكات بۆ پاك و خاوێنی ئەبو هورەيرە (خوای لیٚ ڕازی بێت) دەفەرمووێت:

( كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) إِذَا أَتَى الْخَلاَءَ أَتَيْتُهُ بِمَاءٍ فِي تَوْرٍ أَوْ رَكْوَةٍ فَاسْتَنْجَى. وَفي رِوَايةٍ: (ثُمَّ مَسَحَ يَدَهُ عَلَى الأَرْضِ ثُمَّ أَتَيْتُهُ بِإِنَاءٍ آخَرَ فَتَوَضَّأَ )[(١)] .

واتە: كاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) بچوايەتە سەر ئاو لە سەتڵێكی بچوكدا ئاوم بۆ دەبرد ئەويش تاراتی پێدەكردوو خۆی پیٚ پاك دەكردەوە. هەروەها لە فەرموودەيەكی تردا پاش ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربچوايە لەسەر ئاو ئەوا دەستی بەسەر زەويدا دەهێنا(پاكی دەكردەوە)، پاشان لەقاپێكی تردا ئاوم بۆ دەهێناو دەست نوێژی پێدەگرت .

---

(١) (حَسَن) أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد (٤٥) وَابن ماجة(٣٥٩) وَحَسَّنَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي مِشْكَاة الْمَصَابِيح(٣٦٠) .

## خۆپاك كردنەوە بە (بەرد)

دروستە بۆكەسێك ئاوی دەست نەكەوێت بە سێ بەرد خۆی پاك بكاتەوە، دایكی باوەڕداران عَائِشَةَ ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر كەسێك لەئێوە چووە سەر ئاو با سێ بەرد لەگەڵ خۆی ببات خۆی پێ پاك بكاتەوە سێ بەرد بەسە بۆ پاكبونەوە[١] .

بەڵام خۆپاكردنەوە لەپاشەڕۆ لەسێ بەرد كەمتر قەدەغەی لێكراوە، هاوەڵی خۆشەویست سەلمانی فارسی( خوای لێ ڕازی بێت ) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی كردووە لێمان خۆپاك كردنەوە لەسێ بەرد كەمتر بێت[٢] .

وە هەروەها دروستە ئەگەر بەرد دەست نە كەوێت بە ( كلێنس یان پەڕۆ، هتد ) خۆ پاك بكرێتەوە، وَاَللَّه أَعْلَم .

---

(١) (صَحيح) أَخْرَجَه أَبودَاوُد (٤٠) وَالْنَسائِي (٤٤) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الْجَامِع (٥٤٧).

(٢) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٦٠٥).

# دەست نوێژ

**مانای دەست نوێژ:** (الْوضُوءُ: أصْل الكَلِمَة مِن الوَضَاءةُ، الحُسْنُ والنَّظافَةُ)[١] .

لەزمانی عەرەبیدا بە واتای جوانی و پاك و خاوێنی و پوختەییە .

بەلاَم لەشەرعی ئیسلامدا واتای شـۆرینی ئـەو ئەندامانەیـە، کـە پـەروەردگار فەرمانی پێکردووین .

**باوەڕداری خۆشە ویست:** دەست نوێژ بەخشـندەیی‌و نیعمـەتی خـوای پـەروەردگارە بەسـەر ئـەم ئوممەتـەوە، جـا بەئەنجامـدانی چـەندین چـاکەو خێریـان دەسـتگیرۆ دەبێـتو چەندین تاوانیشیان دەسڕدرێتەوەو پلەشیان پێـی بەرزدەبێتـەوە، بێگومـان فـەزلّ و گـەورەیی و پاداشـتی دەسـت نوێـژ گـەلێك زۆرە، بـە پشـتیوانی خـوای پەروەردگار هەندێکیان باس دەکەین، لەوانەش:

**(١) هۆکارێکە بۆلێخۆش بوونی تـاوان:**

هاوەڵی خۆشەویست زەید ( خـوای لـێ ڕازی بێـت ) دەفـەرمووێت: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ( مَنْ تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ وُضُوءَهُ ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ لاَ يَسْهُو فِيهِمَا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ )[٢] واتە: هەر کەسێك بەجوانی دەست نوێـژ بشـۆرێت بـۆ نوێژ، پاشان دوو ڕکات نوێژ بکات، بەمەرجێك زیکرەکانی بەجوانی تێدا بخوێنێـت و مل کـەچ بێـت بەرامبـەر خـوای پـەروەردگار، وە سـەهوی تێـدا نـەکات و داوای لێخۆشبوون بکات، ئەوا خوای پەروەردگار لەتاوانەکانی پێشوی خۆش دەبێت .

---

(١) بڕوانە: (لِسَان الْعَرَبِ) (١/١٩٤) وە مُخْتَارُالصِّحَاح (١/٧٤٠) وە جگە لەوانیش .

(٢) (حَسَن) أَخْرَجَه أَحْمَد(١٧٥١٧) وأبو دَاوُد(٩٠٥) وَحَسَّنَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع(٦١٦٥) .

### ( ٢ ) هۆکارێکە بۆ ناسینەوەی باوەڕدار لەڕۆژی دواییدا :

هـاوەڵی خۆشەویسـت ئـەبو هـورەیرە( خـوای لـێ ڕازی بێـت ) دەفـەرمووێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (إِنَّ أُمَّتِي يُدْعَوْنَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ غُرًّا مُحَجَّلِينَ مِنْ آثَارِ الْوُضُوءِ)(١) .

واتە: بەڕاستی ئوممەتی مـن بـانگ دەکـرێنو دەناسـرێنەوە لـەڕۆژی دواییـدا بەشـوێنەواری دەسـت نوێـژەکانیان، وە شـوێنەواری دەسـت نوێـژەکانیان ئەدرەوشێتەوە (دەمو چاوو دەستو قاچ سپین)، ووترا بە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) چۆن لە ڕۆژیی دواییـدا ئوممەتەکـەت دەناسـیتەوە لەکاتێکـدا نـەیانت بینیوە؟ فەرمووی: بە شوێنەواری دەست نوێژەکانیان (٢).

### ( ٣ ) نیوەی بـاوەڕە:

هاوەڵی خۆشەویست ئەبو مالیکی ئەشعەری( خوای لێ ڕازی بێـت ) دەفـەرمووێت: پێغەمبەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: (الطُّهُورُ شَطْرُ الإِيمَانِ)(٣) واتـە: پـاك و خاوێنیو دەست نوێژ نیوەی باوەڕە، زانای پایە بەرز (ابْن الْعُثَيْمِين(رَحِمَهُ اللَّهُ) دەفـەرمووێت: پاکوخـاوێنیو دەسـت نوێـژ نیـوەی بـاوەڕە، نیوەکـەی تـری باوەڕ بریتیە لە خۆڕازاندنەوە بەڕەوشتی جوانو کردەوەی چاكو باش(٤).

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (١٣٦) و مُسْلِمٌ (٥٧٩) .

(٢) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٥٨٢) .

(٣) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٥٣٣) .

(٤) **بڕوانە**: شَرْح رِيَاض الصَّالِحِينَ/ لِلشَّيْخِ الْعَلاَّمَة: مُحَمَّد بن صَالِح الْعُثَيمين (رَحِمَهُ اللَّه) (١٥١/٣) .

## ( ٤ ) ڕێگایەکە بەرەو بەهەشت:

هاوەڵی خۆشەویست ئەبوهورەیرە( خوای لێ ڕازی بێت ) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەنوێژی بەیانیدا بەبیلالی فەرموو:

( يَابِلاَلُ حَدِّثْنِي بِأَرْجَى عَمَلٍ عَمِلْتَهُ عِنْدَكَ فِي الإِسْلاَمِ مَنْفَعَةً فَإِنِّي سَمِعْتُ اللَّيْلَةَ خَشْفَ نَعْلَيْكَ بَيْنَ يَدَيَّ فِي الْجَنَّةِ قَالَ بِلاَلٌ مَا عَمِلْتُ عَمَلاً فِي الإِسْلاَمِ أَرْجَى عِنْدِي مَنْفَعَةً مِنْ أَنِّي لاَ أَتَطَهَّرُ طُهُورًا تَامًّا فِي سَاعَةٍ مِنْ لَيْلٍ وَلاَ نَهَارٍ إِلاَّ صَلَّيْتُ بِذَلِكَ الطُّهُورِ )[١] واتە: ئەی بیلال پێم بڵێ بەو کردەوانەی کە کردووتە لەئیسلامدا وە لە هەموویان زیاتر ئومێدت پێیەتی، چونکە گوێم لە جوڵەی نەعلەکانت بوو لەبەهەشتدا، بیلال ( خوای لێ ڕازی بێت ) فەرمووی: کردەوەیەکی وام نەکردووە، بەڵام هەرکات لە شەودا یان لە ڕۆژدا دەست نوێژم شۆردبێت ئەوا نوێژم کردووە بەو دەست نوێژەوە .

## ( ٥ ) بەردەوام بوون لە سەر دەست نوێژ نیشانەی تەواوێتی باوەڕە:

هاوەڵی خۆشەویست ثه وبان ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( وَلا يُحَافِظُ عَلَى الْوُضُوءِ إِلا مُؤْمِنٌ )[٢] .

واتە: هیچ کەسێك بەردەوام نابێت لەسەر دەست نوێژ، مەگەر باوەڕدارێك باوەڕەکەی دامەزراوو ڕاستەقینە بێت .

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (١١٤٩) و مُسْلِمٌ (٦٢٧٤).

(٢) (صَحيح) أَخْرَجَه ابن مَاجَه (٢٧٧، ٢٧٨)وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي مِشْكَاة الْمَصَابِيح(٢٩٢).

## ( ٦ ) هەر کەسێك بە دەست نوێژەوە بمرێت لەسەر فطرت مردووە:

هــاوەڵی خۆشەویســـت بـــەڕائی کـــوڕی عـــازب ( خـــوای لـــێ ڕازی بێـــت ) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

( إِذَا أَتَيْـتَ مَضْـجَعَكَ فَتَوَضَّـأْ وَضُـوءَكَ لِلصَّـلاَةِ، ثُـمَّ اضْـطَجِعْ عَلَـى شِـقِّكَ الأَيْمَـــنِ، وَقُـــلِ اللَّهُـــمَّ أَسْـــلَمْتُ نَفْسِـــى إِلَيْـــكَ، وَفَوَّضْـــتُ أَمْـــرِى إِلَيْـــكَ، وَأَلْجَـأْتُ ظَهْـرِى إِلَيْـكَ، رَهْبَـةً وَرَغْبَـةً إِلَيْـكَ، لاَ مَلْجَـأَ وَلاَمَنْجَـا مِنْـكَ إِلاَّ إِلَيْـكَ، آمَنْـتُ بِكِتَابِـكَ الَّـذِى أَنْزَلْـتَ، وَبِنَبِيِّـكَ الَّـذِى أَرْسَـلْتَ، فَـإِنْ مُـتَّ مُتَّ عَلَى الْفِطْرَةِ، فَاجْعَلْهُنَّ آخِرَ مَا تَقُول )[١].

واتــە: ئەگــەر چــوویتە ســەر جێگــەی نووســتن، ئــەوا دەســت نوێــژی نوێــژ بشــۆرەو لەســەر لای ڕاســت ڕابکشــێ و پاشــان بڵــێ: خوایــە نەفســی خــۆم تەســلیمی تــۆکردو کاروبــاری خــۆمم دایــە دەســت تــۆ، وە ڕووم کــردە تــۆو پشــتم بەســت بــە تــۆ بــە ئومێــدو بــە ترســان لــە تــۆ، هــیچ حەشــارگەو شـــوێنی ڕزگـــار بوونێـــك نییـــە مەگـــەر بـــۆ لای تـــۆ، بـــاوەڕم هێنـــا بەکتێبەکـــەت کـــە دات بەزاندۆتـــە خـــوارەوە، وە بـــاوەڕم هێنـــا بـــەو پێغەمبـــەرەی (ﷺ) کەناردووتـــە، ئەگـــەر بمریـــت ئـــەوا لەســـەر فیطـــرەت دەمریت، با کۆتا شتێك بێت کە دەیڵێیت .

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٦٣١١) .

**( ٧ ) مەلائیكەت داوای لێخۆشبوون بۆ كەسێك دەكات كەبەدەست نوێژەوە بخەوێت**

هـاوەڵی خۆشەویسـت ئیبنـو عومـەر( خوایـان لـێ ڕازی بێـت ) دەفـەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (طَهِّرُوا هَذِهِ الأَجْسَادَ طَهَّرَكُمُ اللَّهُ فَإِنَّهُ لَيْسَ عَبْدٌ يَبِيتُ طَاهِرًا إِلا بَاتَ مَلَكٌ فِي شِعَارِهِ لايَنْقَلِبُ سَاعَةً مِنَ اللَّيْلِ إِلا قَالَ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِعَبْدِكَ فَإِنَّهُ بَاتَ طَاهِرًا)[١] واتە: لاشەتان پاكو خاوێن ڕابگرن خوا پاكتـان بكاتەوە، چونكە هیچ بەندەیەك نییە بە پـاكو خـاوێنی و دەسـت نوێـژ شـەو بكاتــەوە ئــیللا مەلائیكــەتێكی لەگەڵیدایــە، وە هــیچ كاتێــك لــەو شــەوە ئەمدیووەو ئەو دیو ناكات، ئیللا ئـەو فریشـتـەیە بـۆی دەپاڕێتـەوەو دەڵێـت: پەروەردگار لەم بەندەیە خۆشببە، چونكە بەدەست نوێژ شەوی كردۆتەوە .

**( ٨ ) پلەی پێ بەرز دەبێتەوە:**

هـــاوەڵی خۆشەویســـت ئـــەبو هـــورەیرە (خـــوای لـــێ ڕازی بێـــت) دەفـــەرمووێت: پێغەمبـــەری خـــوا (ﷺ) فەرموویـــەتی: ( أَلاَ أَدُلُّكُمْ عَلَى مَا يَمْحُو اللَّهُ بِهِ الْخَطَايَا وَيَرْفَعُ بِهِ الدَّرَجَاتِ؟ قَالُوا بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ! قَالَ: إِسْبَاغُ الْوُضُوءِ عَلَى الْمَكَارِهِ )[٢] واتـــە: ئایـــا پێتـــان ڕابگەیـــەنمو هـــەواڵتان بـدەمێ بەشـتێك كـە پـەروەردگار بەهۆیـەوە تاوانـەكانتان بسـڕێتەوەو پلـەتان بـــەرز كاتـــەوە؟ ووتیـــان بـــەڵێ ئـــەی پێغەمبـــەری خـــوا (ﷺ) ئـــەویش فەرمووی: دەست نوێژ شۆرین لەكاتی ناڕەحەتیدا .

---

(١) (حَسَن) أَخْرَجَهُ الطَّبَرَانِيُّ فِي الْمُعْجَم الْكَبِير وَحَسَّنَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الجَامِع (٣٩٣٦)

(٢) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٥٨٦).

# چۆنێتی دەست نوێژ شۆرین بۆ نوێژ

**دەست نوێژ:** مەرجێکی سەرەکییە بۆ قەبوڵ بوونی نوێژ، وە هەر کەسێك دەست نوێژی نەبێت ئەوا نوێژەکەی قەبوڵ نابێت، هاوەڵی خۆشەویست ئیبنو عومەر( خوایان لێ ڕازی بێت ) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( لاَ تُقْبَلُ صَلاَةٌ بِغَيْرِ طُهُور )[١] واتە: نوێژی هیچ کەس قەبوڵ نابێت ئەگەر بەدەست نوێژەوە نەبێت، لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( لاَ صَلاَةَ لِمَنْ لاَ وُضُوءَ لَهُ )[٢]، واتە: نوێژی هیچ کەس تەواو نییە ئەگەر دەست نوێژی لەگەڵدا نەبێت .

**بێگومان دەست نوێژ پایە ( ڕُکن ) و پێویستی ( واجب )و سوننەتی هەیە .**

**پایەکانی دەست نوێژ:** هەرکەسێك پایەکانی جێ بەجێ نەکات ئەوا دەست نوێژەکەی بەتاڵە[٣] .

**پێویستیەکانی دەست نوێژ:** هەرکەسێك بەئەنقەستەوە نەیکات ئەوا تاوان بار دەبێت بەڵام دەست نوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە .

**سوننەتەکانی دەست نوێژ:** هەرکەسێك جێ بەجێی نەکات ئەوا تاوان بار نابێت، بەڵام لەو خێرە بێ بەش دەبێت .

---

(١) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٥٥٧) .

(٢) (صَحيح) أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد(١٠١) وَابن ماجة(٣٩٩) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الْجَامِع (٧٥١٤) .

(٣) بڕوانە (صَحيح فِقه السُنة) (١/١١٣) .

## (١) بوونی نیەت (النِّيَّة):

هـــاوەڵی خۆشەویســـت عومـــەر (خوایـــان لـــێ ڕازی بێـــت) دەفـــەرمووێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ( إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ )[١] .

واتـــە: بـــەدڵنیایی هـــەموو کـــردەوەو پەرستشـــەکان بەنیەتـــە، بـــەلاَم دەبێـت نیـەت بـەدڵ ئـەنجام بـدرێت، وتنـی نیـەت بـەزووبان، پێغەمبـەری خوا(ﷺ) نەی وتووە، بەڵکو زیاد کراوە لەدیندا و تازە داهێنراوە [٢] .

## (٢) ناوی خوا هێنان (التَّسْمِيَة):

پێویســـتە لەســـەرەتای دەســـت نوێـــژدا ﴿ بِسۡمِ ٱللَّهِ ﴾ بکرێـــت، چـــونکە هـــاوەڵی خۆشەویســـت ئـــەبو هـــورەیرە (خـــوای لـــێ ڕازی بێـــت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

(لاَ وُضُوءَ لِمَنْ لَمْ يَذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهِ)[٣]

واتـە: دەسـت نوێـژی هـیچ کـەس تـەواو نییـە، ئەگـەر نـاوی خـوای لەگەڵدا نەبێت و ناوی خوای لێ نەهێنێت .


---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (١)و مُسْلِمٌ (٤٩٠٤) .

(٤) بڕوانە: پەرتوکی (رَوْضَةُ الطَّالِبِينَ) (١/٢٢٤).

(٣) (صَحيح) أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد(١٠٢) وَابن مَاجه(٣٩٧) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (٧٥١٤).

## ( ٣ ) شۆرینی هەردوو ناو لە پی دەست (غَسْل الْيَدَيْنِ):



شــۆردنی هــەردوو ناو لــەپی دەســت ســوننەتــە لەسەرەتای دەست نوێژدا، هاوەڵی خۆشەویست مقدامی کوڕی معد یکریب (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویت: ( أُتِيَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِوَضُوءٍ فَتَوَضَّأَ فَغَسَلَ كَفَّيْهِ )[١] واتە: شتێکیان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێنا ئاوی تیدا بوو، پاشان دەست نوێژی گرتو هەردوو دەستی شۆری.

## ( ٤ ) سیواك کردن (التَّسوُّكِ):

ســوننەتە لەگــەڵ دەســت نوێــژدا ســیواك بکرێــت، هــاوەڵی خۆشەویســت ئــەبو هــورەیرە (خــوای لــێ ڕازی بێــت) دەفــەرموویت: پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) فەرموویــەتی:(لَـوْلاَ أَنْ أَشُـقَّ عَلَـى أُمَّتِـى لأَمَـرْتُهُمْ بِالسِّـوَاكِ مَـعَ كُـلِّ وُضُـوءٍ)[٢] واتــە: ئەگــەر لەســەر ئوممەتەکــەم گــران و ناڕەحــەت نەبوایــە، ئــەوا فەرمانم پێدەکردن لەگەڵ هەموو دەست نوێژێکدا سیواکیان بکردایە.

---


(١) (صَحيح) أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد(١٢١) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني .

(٢) (صَحيح) أَخْرَجَه أَحْمَد(١٠١٨٦) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (٥٣١٧) .

## ( ٥ ) ئاو لەدەم ڕادان (الْمَضْمَضَة):

پێویستە لەکاتی دەست نوێژدا ئاو بکرێتە ناو دەمو دەربکرێتەوە.

هاوەڵی خۆشەویست ئیمامی عَلِي (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت:



( أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) تَوَضَّأَ فَمَضْمَضَ ثَلاَثًا )[1] .

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەست نوێژی شۆری ئنجا سێ جار ئاوی لەدەمی ڕادا .

## ( ٦ ) ئاو لەلوت ڕادان (الإِ سْتِنْشَاق):

پێویستە لەکاتی دەست نوێژدا ئاو بکرێتە ناو لوت پاشان دەربکرێتەوە، هاوەڵی خۆشەویست ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( إِذَا تَوَضَّأَ أَحَدُكُمْ فَلْيَجْعَلْ فِي أَنْفِهِ مَاءً ثُمَّ لِيَنْتَثِر)[2] واتە: ئەگەر یەکێکتان دەست نوێژی شۆری با ئاو بکاتە ناو لوتیو پاشان دەری بکات سوننەتە سێ جار دووبارەی بکاتەوە هاوەڵی خۆشەویست عَلِيٍّ (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) تَوَضَّأَ... وَاسْتَنْشَقَ ثَلاَثًا ) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەست نوێژت شۆری و سێ جار ئاوی لە لوتی ڕادا .



---

(١) (صَحيح) أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد(١٠٠) وَابن مَاجَه(٤٠٤) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني .

(٢) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (١٦٢) و مُسْلِمٌ (٥٥٩) .

## ( ٧ ) شۆرینی دەم وچاو ( غَسْل الْوَجْه ):

شۆرینی دەم و چاو ڕوکنێکە لە دەست نوێژ، ئنجا هەرکەسێك نەی شۆرێت، ئەوا دەست نوێژەکەی بەتاڵە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ ﴾ [المائدة: ٦] واتە: ڕوومەت و دەم و چاو تان بشۆرن .

وە سوننەتە کە سێ جار دوو بارە بکرێتەوە، هاوەڵی خۆشەویست



مقدامی کوڕی معد یکریب (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت:

(أُتِيَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِوَضُوءٍ فَتَوَضَّأَ..وَغَسَلَ وَجْهَهُ ثَلاَثاً)[1]

واتە: ئاوی دەست نوێژیان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێنا جا کاتێك کەدەست نوێژی گرت سێ جار ڕوومەت و دەمو چاوی شۆری .

**پێویستە پیاوان دەست بخەنە ناو ڕیشیانەوەو ژێر چەناگەیان تەڕبکەن**

هاوەڵی خۆشەویست ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت:

( أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ إِذَا تَوَضَّأَ أَخَذَ كَفًّا مِنْ مَاءٍ فَأَدْخَلَهُ تَحْتَ حَنَكِهِ فَخَلَّلَ بِهِ لِحْيَتَهُ وَقَالَ هَكَذَا أَمَرَنِى رَبِّى )[2] .

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەست نوێژی بگرتایە، ئەوا بەچنگی ئاوی بۆ ژێر چەناگەی دەبرد و دەستەکانیشی دەخستە ناوڕیشی، وە دەی فەرموو: بەم شێوەیە پەروەردگارم فەرمانی پێکردوم .


---

(١) (صَحيح) أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد(١٢١) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني .

(٢) (صَحيح) أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد(١٤٥) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (٤٦٩٦) .

## ( ٨ ) شۆرینی هەردوو دەست لەگەڵ ئانیشکەکان(غَسْلَ الْيَدَيْنِ إِلَى الْمَرَافِقِ):

شۆرینی هەردوو دەست تاکو ئانیشکەکان ڕووکنێکە لە دەست نوێژ هەرکەسێك نەی شۆرێت دەست نوێژەکەی بەتاڵە، پەروەردگار دەفەرموویێت: ﴿وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ﴾ واتە: هەردوو دەستان بشۆرن تاکو ئانیشکتان، وە سوننەتە سێ جار دووبارە بکرێتەوە .



هاوەڵی خۆشەویست مقدامی کوڕی معد یکریب (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) دەفەرموویێت: ( أُتِيَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِوَضُوءٍ فَتَوَضَّأَ... وَغَسَلَ ذِرَاعَيْهِ ثَلاَثًا)[1] واتە: ئاوی دەست نوێژیان بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هێنا، جا کاتێك دەست نوێژی گرت سێ جار باڵی شۆری، وە سوننەتە لەپێشدا لای ڕاست بشۆردرێت، هاوەڵی خۆشەویست ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: ( إِذَا تَوَضَّأْتُمْ فَابْدَءُوا بِمَيَامِنِكُمْ )[2] واتە: ئەگەر دەست نوێژ تان شۆری، ئەوا لە پێشدا لەلای ڕاستەوە دەست پێ بکەن، دایکی باوەڕداران خاتوو عَائِشَةَ (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێش خستنی لای ڕاستی پێ خۆش بوو، لە پێڵاو لە پێکردنو سەر شانەکردنو خۆ شۆرینو دەست نوێژ گرتندا، وە لە هەموو کارەکانی تریدا، (مُتَّفَق عَلَيْهِ).


---

(١) (صَحيح) أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد(١٢١) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني .

(٢) (صَحيح) أَخْرَجَهُ ابن ماجه (٤٠٢) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (٤٥٤) .

## (٩) دەستی تەڕ بەسەردا هێنان ( مَسْح الرَّأْس ):

دەستی تەڕ بەسەردا هێنان (مَسْح) ڕوكنێكە لە دەست نوێژ، ئنجا هەركەسێك ئەنجامی نەدات دەست نوێژەكەی بەتاڵە، خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ﴾ [المائدة: ٦]



واتە: دەستی تەڕ بەسەرتانا بهێنن .

وە دەبێت مەسح كردن هەموو سەربگرێتەوە .

هاوەڵی خۆشەویست عەبدوڵای كوڕی یەزید (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستەكانی تەڕ دەكردوو بەسەریدا دەی هێنا، جا لەپێشی سەرییەوە دەستی پێ دەكرد تاپشتی سەری، پاشان هەردوو دەستی دەگێڕایەوە بۆ ئەو شوێنەی كەلێیەوە دەستی پێكردبوو[1] .

## ( ١٠ ) دەستی تەڕ بەناو گوێچكەدا هێنان ( مَسْحِ الأُذُنَيْنِ ):

دەبێت هەردوو دەست تەڕبكرێتو پاشان ناو هەردوو گوێچكەی پێ تەڕ بكرێت، هاوەڵی خۆشەویست ئەبو ئومامە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ( الأُذُنَانِ مِنَ الرَّأْسِ )[2] واتە: هەر دوو گوێ بەشێكە لەسەر، **وە دە بێت ناو گوێچكەو دەرەوەی پێ تەڕ بكرێت .**

(١) (صَحيح) أَخْرَجَه التِّرْمِذِي (٣٢) ابن مَاجَه(٤٣٤) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي مِشْكَاة الْمَصَابِيح(٣٩٣) .


(١) (صَحيح) أَخْرَجَه التِّرْمِذِي (٣٧) ابن مَاجَه(٤٤٤) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني في الصَّحِيحَة (٣٦) .

### (١١) شۆرینی هەردووپێ لەگەڵ قولە پێ (غَسْل الرِّجْلَيْنِ إِلَى الْكَعْبَيْنِ):

شۆرینی هەردوو پێ لەگەڵ قولە پێیەکاندا ڕوکنێکن لە دەست نوێژ، ئینجا هەرکەسێك نەی شۆرێت دەست نوێژەکەی بەتاڵە، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى ٱلْكَعْبَيْنِ ﴾ [المائدة: ٦] واتە: هەردوو پێتان بشۆرن تاکو قولەپێتان، وە پێویستە پەنجەی دەست بخرێتە ناو پەنجەی پێیەکانەوە بۆ ئەوەی نێوان پەنجەکان تەڕبێت، هاوەڵی خۆشەویست لەقیطی کوڕی صەبرە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

( إِذَا تَوَضَّأْتَ فَخَلِّلِ الأَصَابِعَ )[1] واتە: ئەگەردەست نوێژت شۆری بۆ نوێژ، ئەوا پەنجەکانی دەستت بخەرە ناو پەنجەکانی پێتەوە .

**بڕوانە وێنەکە** ←



## پاڕانەوەی دوای دەست نوێژ:

(١) هاوەڵی خۆشەویست عومەری کوڕی خەتاب (خوای لێ ڕازی بێت)

---

(١) (صَحيح) أَخْرَجَه التِّرْمِذِي (٣٨) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الْجَامِع (٤٥٣) .

دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: هەر کەسێك دەست نوێژ بشۆرێت بەچاکی پاشان بڵێت: ( أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مِنَ التَّوَّابِينَ وَاجْعَلْنِي مِنَ الْمُتَطَهِّرِينَ فُتِحَتْ لَهُ ثَمَانِيَةُ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ يَدْخُلُ مِنْ أَيِّهَا شَاءَ )(١) واتە: شایەتی دەدەم جگە لە (اللَّهُ) هیچ پەرستراوێکی تری حەق نییە کە شایانی پەرستن بێت، وە محمد (ﷺ) بەندەو ڕەوانەکراوی ئەوە، خوایە بم گێڕیت لە تەوبەکاران‌و پاك و خاوێنان، ئەوا هەشت دەرگاکەی بەهەشتی بۆدەکرێتەوە لەکامیانەوە بیەوێت دەچێتە ژوورەوە.

(٢) هاوەڵی خۆشەویست ئەبو سەعید (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ تَوَضَّأَ فَقَالَ: سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ كُتِبَ فِي رَقٍّ ثُمَّ طُبِعَ بِطَابَعٍ فَلَمْ يُكْسَرْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ)(٢) واتە: هەر کەسێك دەست نوێژ بشۆرێت، پاشان بڵێت: پەروەردگار پاکی‌و بێگەردی‌و ستایش بۆ تۆیە، شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێکی تری حەق نییە کە شایانی پەرستن بێت جگە لە تۆ، داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەم‌و دەگەڕێمەوە بۆلات، ئەوا لە پەڕەیەکدا بۆی دەنووسرێت‌و پاشان بۆی مۆر دەکرێت هەتا ڕۆژی دوایی ناشکێت‌و هیچیشی لێ نایەت .

## وشك کردنەوە دوای دەست نوێژ ( التَّنْشِيف بَعْد الْوُضُوء ):

دایکی باوەڕداران عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرموێت:

---

(١) (صَحيح) أَخْرَجَه التِّرْمِذِي (٥٥) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (٦١٦٧) .

(٢) (صَحيح) أَخْرَجَه الحَاكم وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني في الصَّحِيحَة (٢٣٣٣) .

(كَانَ لَه خِرْقَةٌ يُنَشِّفُ بِهَا بَعْدَ الْوُضُوءِ)(١) واتـــە: پێغەمبـــەری خـــوا (ﷺ) دەستەرێکی پەڕۆی پێ بوو لەدوای دەست نوێژ خۆی پێ ووشك دەكردەوە.

**تێبینی:** ئەگەر كەسێك ئاوی دەست نەكەوت یـاخود ترسـی ئـەوەی هـەبوو بە بە كارهێنانی ئاو زیان بەلاشەی دەگات ئەوا دەتوانێـت تەیـەمموم بكـات. جا ئەو تەیەممومە بۆدەست نوێژ بێت یان بـۆ خۆشـۆرین بێـت، پـەروەردگار لـــەقورئانی پـــیرۆزدا دەفـــەرموویێت: ﴿فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُ﴾ [المائدة: ٦] .

واتە: ئەگەر ئاوتان دەست نەكەوت ( بـۆ خۆشـۆرین یـان بـۆ دەسـت نوێـژ ) ئەوا تەیەمموم بكەن لەسەر زەوییەكی پاك، هەردوو دەستان بەزەویدا بهێنن پاشان بەدەم و چاوو دەستاندا .

**بەدڵنیایی تەیمموم كردن یەكێكە لەنیعمەتەكانی خوای پەروەردگار بەسەر بەندەكانیەوە، بە تایبەت بۆ ئەوكەسـانەی كـە نەخۆشـن و نـاتوانن ئـاو بەكار بهێنن، بێگومان خوای پەروەردگار داوایەك لەبەندەكانی ناكات كـە لەتوانایاندا نەبێت .**

## چۆنێتـی تەیەمموم كردن:

---

(١) (صَحيح) صَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الْجَامِع (٤٨٣٠) وَفِي الصَّحِيحة(٢٠٩٩) .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە عەماری کوڕی یاسری (ڕەزای خوای لێ بێ) فەرموو: هەردوو ناو لەپی دەستت بەزەویدا بهێنەو پاشان فوی پێدا بکەو بە ڕوومەت و دەم و چاوو دەستەکانتدا بهێنە [(١)] .

هەروەها هاوەڵی خۆشەویست عیمرانی کوڕی حوصەین (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) کابرایەکی بینی دووری گرتبوو نوێژ لەگەڵ خەڵکیدا بەجەماعەت ناکات، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: ئەی کابرا چی وای لێکردیت کە نوێژمان لەگەڵدا نەکەیت؟ کابراکەیش وتی: توشی (جەنابەت) لەش گرانی بوومە، ئاویشم دەست ناکەوێت، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: تەیەموم بکە بە خۆڵی سەر زەوی جێگەی ئاو دەگرێتەوە)[(٢)].

## تێبینی:

بنەڕەت (أصل) لە تەیەمووم کردندا ئەوەیە کەجێگەی ئاودەگرێتەوە ئنجا هەر شتێك بەدەست نوێژ حەلاڵ بێت، ئەوا بەتەیەمومیش حەلاڵ دەبێت، وە دروستە پێش هاتنی کاتی نوێژ بکرێت، هەروەها دروستە بەیەك تەیەموم زیاد لە نوێژێکیش بکرێت، جا نوێژی فەرز بێت یا سوننەت .

## ئەوشتانەی کەدەست نوێژی پێ بەتاڵ دەبێتەوە

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٣٤٧) و مُسْلِمٌ (٨٤٤) .

(٢) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٣٤٨) و مُسْلِمٌ (١٥٩٥) .

**( ١ ) هەرشتێك لە پێش یان لە پاشەوە دەربچێت** (الحَدَث):

هـاوەڵی خۆشەویسـت ئـەبو هـورەیرە(ڕەزای خـوای لـێ بـێ) دەفـەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (لاَ تُقْبَلُ صَلاَةُ مَنْ أَحْدَثَ حَتَّى يَتَوَضَّأَ)[(١)] واتـە: خـوای گـەورە نوێـژ لـەهیچ کەسـێك قـەبوڵ ناکـات ئەگـەر هەرشـتێك لەپێشی یان لەپاشیەوە دەربچێت هەتاکو دەست نوێژ نەگرێتەوە .

**( ٢ ) خەوتن** (النَّوْم):

ئەگەر کەسـێك بخـەوێت و ئاگـای لـەخۆی نـەمێنێ، ئـەوا دەسـت نوێژەکـەی بەتاڵ دەبێتەوە، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

( الْعَيْنُ وِكَاءُ السَّهِ فَمَنْ نَامَ فَلْيَتَوَضَّأْ )[(٢)] واتـە: چـاو گرێـی کۆمـە جـا هـەر کەسێك خەوی لێکەوت و ئاگای لەخۆی نەما، ئەوا با دەست نوێژ بگرێتەوە.

**تێبینی:**

ئەگەر خەوتن دەست نوێژ بشکێنێت و بەتاڵی بکاتەوە، ئەوا لە هۆش چـوون و نەمانی عەقڵ پێشتر دەست نوێژ دەشکێنێت و بەتاڵی دەکاتـەوە، چـونکە لەهۆش چوون زیاتر مرۆڤـ بێ ئاگا دەکات .

**( ٣ ) دەست بەر زەکەر کەوتن بەئارەزووەوە** (مَسّ الذَّكَر):

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (١٣٥) و مُسْلِمٌ (٥٣٦) .

(٢) (صَحيح) أَخْرَجَه ابن مَاجَه (٤٧٧) وصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (٤١٤٩) .

ئەگەر کەسێك دەستی بەر زەکەری کەوت، ئەوا دەست نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، بوسرەی کچی صەفوان (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( مَنْ مَسَّ ذَكَرَهُ فَلْيَتَوَضَّأْ )[1] .
واتە: هەر کەسێك دەستی بەر زەکەری کەوێت، ئەوا با دەست نوێژ بشۆرێتەوە. بەمەرجێك ئەو دەست بەرکەوتنە بە ئارەزووەوە بێت[2] .

**( ٤ ) خواردنی گۆشتی ووشتر (أكل لَحْمِ الإِبِل):**

هەرکەسێك گۆشتی ووشتری خوارد، ئەوا بادەست نوێژ بشۆرێتەوە، هاوەڵی خۆشەویست جابر (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێت: پیاوێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی دەست نوێژ گرتن لە گۆشتی وشتر؟ ئەویش فەرمووی: ( نَعَمْ فَتَوَضَّأْ مِنْ لُحُومِ الإِبِل )[3] .
واتە: بەڵێ دەست نوێژ بگرنەوە لە خواردنی گۆشتی وشتر .

# چەند هەڵەیەك لەدەست نوێژدا

---

(١) (صَحيح) أَخْرَجَه أَحْمَد (٧٢٧٥) وصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (٦٥٥٤).
(٢) **بڕوانە**: تمام المِنَّة للشَّيْخ الأَلْبَاني (ص: ١٠٣).
(٣) أَخْرَجَه مُسْلِمٌ (٨٢٨) .

### ( ١ ) وتنی نییەت بەزووبان (التَّلَفُّظ بِالنِّيَّةِ):

لەڕاستیدا تەنها فەرموودەیەکی (صَحِيح) نییە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەکاتی دەست نوێژ شۆریندا نییەتی بەزوبان وتبێت، وە هاوەڵەکانیش (ڕەزای خوایان لێ بێت) نەیان وتووە، بەڵکو ڕای چەند کەسانێکە لەم دواییەدا پەیدا بووە، وە ڕای کەسیش نابێت بەشەرع، چونکە باشترین و چاکترین ڕێباز ڕێبازی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) .

### ( ٢ ) بێ ئاگایی لە تەڕ نەبوونی پاژنەی پێ (اَلْغَفْلَة عَنْ غَسْل الأَعْقَاب):

پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەڕەشەی لەو کەسانە کردووە کە لە دەست نوێژ شۆریندا بێ ئاگان لە پاژنەی پێیان، هاوەڵی خۆشەویستی ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( وَيْلٌ لِلأَعْقَابِ مِنَ النَّارِ، مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلاثًا )[1].

واتە: تیاچوون یان ئاگری دۆزەخ بۆ ئەو کەسانەی کە لە کاتی دەست نوێژ شۆریندا پاژنەی پێیان تەڕناکەن و بێ ئاگان لێی، دوو جار یان سێ جار ئەمەی دووبارە کردەوە .

### ( ٣ ) بەکارهێنانی ئاوی زۆر (الإِسْرَاف فِي الْمَاء):

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٦٠) ومُسْلِمٌ (٥٧١) .

ئیمـــامی بوخـــاری (ڕەحمـــەتی خـــوای لـــێ بێـــت) لەســـەرەتای کتێبەکەیـــدا باســـێکی دانـــاوە بـــەناوی ( كِتَـاب الْوُضُـوءِ ) لەوێـــدا دەفـــەرمووێت: زانایـانی ئیسـلام پێیـان نـاخۆش بـووە کـە ئـاو زۆر سـەرف بکرێـت بـۆ دەسـت نوێـژ شـۆرین، هـەروەها پێشـەوا نـەوەوی (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت) دەفـــەرمووێت: ( وَأَجْمَـعَ الْعُلَمَـاء عَلَـى النَّهْـي عَـنْ الْإِسْـرَاف فِـي الْمَـاء وَلَوْ كَانَ عَلَى شَاطِئ الْبَحْر )[١] .

واتـــە: کـــۆڕای زانایـــانی ئیســـلام لەســـەر ئەوەیـــە کەبـــەفیڕۆدانی ئـــاو کـارێکی نادروسـتە ئەگـەر لەسـەر کـەناری ڕوبـاریش بێـت، وە هـاوەڵی خۆشەویســـت ئەنـــەس (ڕەزای خـــوای لـــێ بـــێ) دەفـــەرمووێت: ( كَـانَ النَّبِـيُّ (ﷺ) يَغْسِـلُ أَوْ يَغْتَسِـلُ بِالصَّـاعِ إِلَـى خَمْسَـةِ أَمْـدَادٍ، وَيَتَوَضَّـأُ بِالْمُـدِّ)[٢].

واتـــە: پێغەمبـــەری خـــوا (ﷺ) بەچـــوار مشـــت ئـــاو خـــۆی دەشـــۆری و بەمشتێك ئاو دەست نوێژی دەگرت .

## چۆنێتی نوێژی پێغەمبەری خوا (ﷺ)

---

(١) بروانە: (شَرْح النَّوَوِيّ عَلى مُسْلِم (٢/٤) .

(٢) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٢٠١) ومُسْلِمٌ (٧٣٥) .

**بێگومان نوێژ مەرج (شرط) و پایە (رُكن) و پێویستی (واجب) و سوننەتی هەیە.**

**مەرجەكانی**: هەركەسێك مەرجێك لە مەرجەكانی نوێژ جێ بەجێ نەكات، ئەوا نوێژەكەی بەتاڵە، وەكو ئەوەی بەبێ دەست نوێژ نوێژ بكات، یان ڕو نەكاتە قیبلە، وە یان لاشەو پۆشاكی پیس بێت، وە یان دانەپۆشینی عەورەت ...

**پایەكانی نوێژ**: هەركەسێك پایەیەك لە پایەكانی جێ بەجێ نەكات، ئەوا نوێژەكەی بەتاڵە[1]، وەكو چونە ڕكوعو بەرزبوونەو، یان سوجدە بردن... بەڵام ئەگەر كەسێك هەڵەی كرد یان لێی تێك چوو، وە لە نوێژەكەیدا بیری كەوتەوە كە پایەیەكی جێ بە جێ نەكردووە، ئەوا دەتوانێت پێش سەلامدانەوە دوو سوجدەی سەهو ببات لە دوای تەحیاتی كۆتایی، چونكە هاوەڵی خۆشەویستی ثەوبان (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (لِكُلِّ سَهْوٍ سَجْدَتَانِ)[2] واتە: بۆ هەموو هەڵە كردنێك لە نوێژدا دوو سوجدە دەبرێت.

**پێویستیەكانی نوێژ**: هەركەسێك بەئەنقەستەوە نەیكات، ئەوا تاوان بار دەبێت، بەڵام نوێژەكەی بەتاڵ نابێتەوە.

**سوننەتەكانی نوێژ**: هەركەسێك جێ بەجێی نەكات، ئەوا تاوان بار نابێت، بەڵام لەو خێرە بێ بەش دەبێت.

## (١) ڕووكردنە كەعبە (إِسْتِقْبَال الْكَعْبَة):

---

(١) بڕوانە (صَحيح فِقه السُنة) (١/١١٣).

(٢) (صَحيح) أَخْرَجَهُ أَحْمَد وأَبُو دَاوُد و ابن مَاجَه وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الْجَامِع (٥١٦٦).

دەبێت لە نوێژدا ڕوو لە کەعبە بکرێت لەبەر ئەوەی خوای پەروردگار دەفەرموویت: ﴿ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ ﴾ (البقرة: ١٤٤) .

واتە: لەکاتی نوێژدا ڕوو بکەنە کەعبەی پیرۆز، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر نوێژی بکردایە ڕووی دەکردە کەعبەی پیرۆز، وە فەرمانیشی بەو کارە کردووەو فەرموویەتی: ( إِذَا قُمْتَ إِلَى الصَّلاَةِ ... ثُمَّ اسْتَقْبِلِ )[1] .

واتە: ئەگەر هەستای بۆ نوێژ ئەوا ڕوو بکەرە کەعبە .

**تێبینی:** دروستە لەدوو حاڵەتدا ڕوو لەقیبلە نەکەیت، لەکاتی ترسدا وە لەنوێژی سوننەتدا ئەگەر لەناو سەیارەدا بووی یا بەسوارییەوە، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ فَإِنْ خِفْتُمْ فَرِجَالًا أَوْ رُكْبَانًا ﴾ واتە: ئەگەر ترسان ئەوا نوێژەکانتان بکەن جا بە پیادەبێت یان بەسواری بێت .

بەڵام ئەگەر کەسێك نەیزانی قیبلە لەکوێوەیە ئەوا دەبێت هەوڵ بداتو پرسیار بکات تاکو ئەیدۆزێتەوە، وەئەگەر نەیدۆزییەوەو نوێژی کرد ڕووەو جگە لە قیبلەو دوایی بۆی دەرکەوت ئەوا نوێژەکەی تەواوەو دووبارە کردنەوەی لەسەر نییە .

## ( ٢ ) وەستان بە پێوە (الْقِيَام):

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٦٦٦٧) ومُسْلِمٌ (٨٨٤) .

پێویستە لەسەر موسڵمان بەپێ وە نوێژە فەرزەکان ئەنجام بدات، پەروەردگار دەفەرموویێت: ﴿وَقُومُواْ لِلَّهِ قَٰنِتِينَ ﴿٢٣٨﴾﴾ [البقرة: ٢٣٨] .

واتە: لەنوێژدا بەپێوە ڕابوەستن، هاوەڵی خۆشەویست عیمرانی کوڕی حوصەین (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرموویێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (صَلِّ قَائِمًا، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَقَاعِدًا، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَعَلَى جَنْبٍ)[1] واتە: نوێژ بەپێوە ئەنجام بدە، جا ئەگەر توانات نەبوو بەدانیشتنەوە، وە ئەگەر بەدانیشتنەوە نەتتوانی ئەوا بە ڕاکشانەوە.

## (٣) دانانی بەربەست (السُّتْرَة):

پێویستە لەسەر موسڵمان لەکاتی نوێژکردندا بەربەستێك بۆ خۆی دابنێت بۆ ئەوەی هیچ شتێك بەبەردەم نوێژەکەیدا تێنەپەڕێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەرکاتێك نوێژی بکردایە، فەرز یان سوننەت بەربەستێکی بۆ خۆی دادەنا وەفەرمانیشی کردووە بەدانانی بەربەست بۆ هەر کەسێك کەویستی نوێژ کردنی هەبێت هاوەڵی خۆشەویست ئەبوسەعید(ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ فَلْيُصَلِّ إِلَى سُتْرَةٍ وَلْيَدْنُ مِنْهَا)[2] واتە: ئەگەر یەکێکتان نوێژی کرد با بەربەستێك بۆ خۆی دابنێت و لێی نزیك ببێتەوە، جا ئەو بەربەستە بەدیوار بێت یا بە دار یا بە پایەی مزگەوت .

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (١١١٧) .

(٢) (صَحيح) أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد (٦٩٨) وابن مَاجَه (٩٥٤) وصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الجَامِع (٦٤١) .

**( ٤ ) بوونی نییەت** (النِّيَّة):

هاوەڵی خۆشەویست عومەر (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێ، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ( إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ )[١] واتە: بەدڵنیایی هەموو پەرستشەکان بەنییەتە، بەڵام دەبێت نییەت بەدڵ ئەنجام بدرێت، وتنی بەزووبان، پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەی وتووە بەڵکو زیاد کراوە لەدینداو تازە داهێنراوە[٢].

**( ٥ ) داپۆشینی عەورەت** (سَتْرُ الْعَوْرَة):

داپۆشینی عەورەت مەرجێکە بۆ قەبوڵ بوونی نوێژ، جا هەرکەس نوێژ بکات و عەورەتی بەدەرەوە بێت ئەوا نوێژەکەی بەتاڵە، پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ ﴾ واتە: ئەی نەوەی ئادەم لەنوێژدا پۆشاکێك لەبەر بکەن کە عەورەتتان داپپۆشێت، وە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: عەورەتی پیاوان نێوان ناوك و ئەژنۆیەتی[٣]، وە ئافرەتیش هەموولاشەی عەورەتە جگە لە (هەردوو دەست و دەموچاوی)، وە دەبێت ئەو پۆشاکەی لەبەری دەکات پاك بێت و لاشەی دەرنەخات، چونکە دایکی باوەڕداران عَائیشة(ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: خوای گەورە نوێژ لە ئافرەتێکی پێگەیشتوو وەرناگرێت ئەگەر داپۆشراو نەبێت[٤].

---

(١) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٥٥٧) .

(٢) بروانە: پەرتوکی (رَوْضَةُ الطَّالِبِينَ) (١/٢٢٤) .

(٣) (صَحيح) صَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (٥٥٨٣) .

(٤) (صَحيح) أَخْرَجَه التِّرْمِذِي (٣٧٧) وابن مَاجَه (٦٥٥) وصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (٧٣٨٣) .

## (٦) سیواك كردن (التَّسوُّك):

سـیواك كـردن لەگـەڵ هـەموو نوێژێكـدا سـوننەتە، چـونكە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) سـیواك كردنـی زۆر پێخـۆش بـوو بەڕادەیـەك دەیفـەرموو: ئەگـەر لەسـەر ئوممەتەكـەم نارەحـەت نەبوایـە ئـەوا فـەرمانم پێـدەكردن لەگەڵ هەموو نوێژێكدا سیواكیان بكردایە [١].

## (٧) دابەستنی نوێژ بەتەكبیرەی (اللَّهُ أَكْبَرُ):



دەست پێكردنی نوێژ بە(اللَّهُ أَكْبَرُ) ڕوكنێكە لە نوێژ هەر كەسێك ئەنجامی نەدات، ئەوا نوێژەكەی بەتاڵە، هاوەڵی خۆشەویست علی (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرموویێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (إِنَّه لاَتَتِمُّ صَلاَةُ أَحَدِكُمْ حَتَّى ... ثُمَّ يُكَبِّرُ اللَّهَ )[٢] واتـە: نوێـژی هـیچ كەسـێكتان تەواونییـە تـاكو ... پاشان نەڵێ (اللَّهُ أَكْبَرُ)، وە سوننەتە هەردوو دەسـتی تێـدا بـەرز بكرێتـەوە، هاوەڵی خۆشەویست ئیبنو عومەر(خوایان لێ ڕازی بێت) دەفـەرمووێ: (كَانَ يَرْفَعُ يَدَيْهِ حَذْوَ مَنْكِبَيْهِ إِذَا افْتَتَحَ الصَّلاَةَ) واتـە: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ئەگـەر نوێـژی ئـەنجام بدایـە، ئـەوا هـەردوو دەسـتی بـەرز دەكـردەوە تـا نزیـك

---


(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٨٨٧) .

(٢) (صَحيح) أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد (٨٥٨) وابن مَاجَة(٤٦٠) وصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الْجَامِع (٢٤٢٠) .

شانەکانی[(١)] .

## ( ٨ ) دەست گرتن لە نوێژدا :

پێویستە لەنوێژدا دەستی ڕاست لەسەر دەستی چەپ دابنرێت وەلەسەر سینگ ڕابگیرێت، هاوەڵی خۆشەویست وائیلی کوڕی حوجر (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرموویێت: ( صَلَّيْتُ مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) وَوَضَعَ يَدَهُ الْيُمْنَى عَلَى يَدِهِ الْيُسْرَى عَلَى صَدْرِهِ )[(٢)] .



واتە: نوێژم کرد لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) جا دەستی ڕاستی لەسەر دەستی چەپی دادەناو لەسەر سینگی ڕایدەگرت، وە لە فەرموودەیەکی تردا بەدەستی ڕاستی دەستی چەپی دەگرت .

هەردوو شێوازەکە سوننەتە[(٣)] .

## ( ٩ ) دوعای دەست پێکردنی نوێژ (دُعَاء الإسْتِفْتَاح):

سوننەتە نوێژ دەست پێ بکرێت بەچەند دوعایەك کە سوپاس و ستایشی خوای تێدا بکرێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی دەست پێدەکرد بەچەند

---

(٣) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٧٣٥) .

(٢) (صَحِيح) أَخْرَجَهُ اِبْن خُزَيْمَة (٤٧٩) وصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني إِرْوَاءِ الغَلِيْل(٣٥٢) .

(٣) بۆ زیاتر شارەزا بوونت بڕوانە: چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر(ﷺ) لەنوسینی زانای فەرموودەناس شێخ (مُحَمَّد نَاصِر الدِّين الأَلْبَاني) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) .

دوعایەکی جۆراو جۆر کە تێیدا سوپاس و ستایشی پەروەردگاری دەکرد .

**دوعای دەست پێکردنی نوێژ زۆرن، لەوانەش:**

**أ.** (سُبحانك اللهُمَّ وبحمدِكَ وتَبَارَكَ اسمُك وتعالى جَدُّكَ ولا إله غيرُكَ) .

واتە: خوایە پاکی و بێ گەردی و ستایش بۆ تۆیە، وە ناوی تۆ پیرۆزبێت و گەورەیی و دەسەڵاتت بڵند بێت، وە هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق شایانی پەرستن بێت جگەلە تۆ .

**ب.** (الحَمدُ لله حَمْداً كَثيراً طَيبا مُبارَكَاً فيهِ) .

واتە: سوپاس و ستایش بۆ خوا سوپاسێکی زۆری پاکی پیرۆزبێ .

**د.** (اللَّهُ أَكْبَرُ كَبِيرًا وَالْحَمْدُ لِلَّهِ كَثِيرًا وَسُبْحَانَ اللَّهِ بُكْرَةً وَأَصِيلاً) .

واتە: پەروەردگار گەورەیە، وە سوپاسی زۆر بۆ پەروەردگار، وە پاکی و بێ گەردی بۆ پەروەردگار لە بەیانیان و ئێواراندا .

**ج.** (وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ حَنِيفاً مُسْلِما وَمَا أَنَاْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ، إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَاْ مِن الْمُسْلِمِينَ) [(١)]

واتە: ڕووم کردە ئەو خوایەی کە ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوە بە پاکی، وە من لەهاوبەش دانەران نیم، بەڕاستی نوێژو سەربڕینو ژیانو مردنم تەنها

---

(١) بۆ زیاتر شارەزا بوونت بڕوانە: چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر (ﷺ) لەنوسینی زانای فەرموودەناس شێخ (مُحَمَّد نَاصِر الدِّين الأَلْبَانِي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت).

بۆ پەروەردگاری جیهانیانەو بەوە فەرمانم پێکراوەو من لە موسڵمانانم .

## ( ١٠ ) خوێندنی سورەتی فاتیحا (قِرَاءَة الْفَاتِحَةِ):

خوێندنی سورەتی فاتیحا لەهەموو ڕکاتێکدا ڕوکنێکە لە نوێژ، جا هەر کەسێك نەی خوێنێت ئەوا نوێژەکەی بەتاڵە، هاوەڵی خۆشەویست عوبادەی کوڕی صامت(ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (لاَ صَلاَةَ لِمَنْ لَمْ يَقْرَأْ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ) [1] واتە: نوێژی هیچ کەس قەبووڵ نییە ئەگەر سورەتی فاتیحای تێدا نەخوێنێت، وە لەفەرمودەیەکی تردا ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی (مَنْ صَلَّى صَلاَةً لَمْ يَقْرَأْ فِيهَا بِأُمِّ الْقُرْآنِ فَهْىَ خِدَاجٌ - ثَلاَثًا - غَيْرُ تَمَامٍ) [2] واتە: هەرکەسێك نوێژ بکات و سورەتی فاتیحای تێدا نەخوێنێت، ئەوا نوێژەکەی قەبووڵ نییە، وەسێ جار دووبارەی دەکردەوەو دەی فەرموو تەواو نییە .

﴿ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ١
ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣
مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ٥ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦
صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧ ﴾


وە سوننەتیشە لەدوای سوورەتی فاتیحا قورئانی تر بخوێنرێت جا

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٧٥٦) .

(٢) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٩٠٤) .

سورەتێك بێت یان چەند ئایەتێك .



## (١١) ڕوكوع بردن (الرُّكُوع):

ڕوكوع ڕوكنێكە لەنوێژ، ئینجا هەركەسێك ئەنجامی نەدات ئەوا نوێژەكەی بەتاڵە، پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱرْكَعُوا۟﴾ الحج: ٧٧) واتە: ئەی باوەڕداران لەنوێژدا ڕكوع بەرن. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( إِذَا قُمْتَ إِلَى الصَّلاَةِ ... ثُمَّ ارْكَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ رَاكِعًا )[١] واتە: ئەگەر هەستایت بۆ نوێژ ... پاشان ڕوكوع ببەو تێیدا بمێنەرەوە تاوەكو لاشەت لە جوڵە دەكەوێت .

هەروەها دەبێت هەردوو دەست لەسەر ئەژنۆكانت دابنێی، چونكە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (وَإِذَا رَكَعْتَ فَضَعْ رَاحَتَيْكَ عَلَى رُكْبَتَيْكَ)[٢] واتە: ئەگەر ڕوكوعت برد، ئەوا ناو لەپەكانت لەسەر ئەژنۆكانت دابنێ .

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: لە ڕوكوعدا گەورەیی خوای پەروەردگارتان دەرببڕن، وە سوننەتیشە لەڕوكوعدا سێ جار بووترێت:

(سُبْحَان رَبِّي الْعَظِيم وبحمده) یان (سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي)[٣]

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٦٦٦٧) ومُسْلِمٌ (٨٨٤) .


(٢) (صَحيح) أَخْرَجَه التِّرْمِذِي (٨٥٩) وصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح ا لتَّرْغِيب وَالتَّرْهِيب (١١٥٥) .

(٢) بۆ زیاتر شارەزا بوونت بڕوانە: چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر(ﷺ) نوسینی شێخ ئەلبانی (رحمه الله) .

واتە: پاکیو بێ گەردی بۆ تۆیە، پەروەردگار سوپاسو ستایش شایستەی تۆیە، پەروەردگار لێم خۆشببە .

## ( ١٢ ) سەر بەرز کردنەوە لەڕوکوع بردن (رَفَعَ رَأْسَهُ مِنْ الرَّكُوعِ):

ڕاست بوونەوە لە ڕوکوع ڕوکنێکە لەنوێژ، وە بەئەنجام نەدانی نوێژ بەتاڵ دەبێتەوە، هاوەڵی خۆشەویست ئیبنو مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:



(لاَ تُجْزِئُ صَلاَةُ الرَّجُلِ حَتَّى يُقِيمَ ظَهْرَهُ فِي الرَّكُوعِ) [١]

واتە: نوێژی هیچ کەسێك تەواو نییە ئەگەر پشتی لەدوای ڕوکوع تەواو ڕاست نەکاتەوە، هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

( إِذَا قُمْتَ إِلَى الصَّلاةِ ... ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَعْتدِلَ قائماَ) [٢]

واتە: ئەگەر هەستایت بۆ نوێژ ... پاشان هەڵسەوە تاوەکو بەتەواوی پشتت ڕاست دەبێتەوەو ڕێك دەبیتەوە، سوننەتە لەگەڵ پشت ڕاست کردنەوەدا هەردوو دەست بەرز بکرێتەوەو بووترێت: (سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ) .

واتە: پەروەردگار ستایشی ئەو کەسەی بیست کە ستایشی کرد .

**دوعاو پاڕانەوەی هەڵسانەوە لەڕوکوع زۆرە** [١].

---

(١) (صَحيح) أَخْرَجَهُ أَبُودَاوُد والتِّرْمِذِي وابن مَاجَه والنَّسَائِيُّ وصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحيح الجامع (٧٢٢٥) .

(٢) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٦٦٦٧) ومُسْلِمٌ (٨٨٤) .

## ( ١٣ ) سوژدە بردن (السُّجُود):

سوژدە بردن ڕوکنێکە لەنوێژ، وە بەئەنجام نەدانی نوێژ بەتاڵ دەبێتەوە، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱرْكَعُواْ وَٱسْجُدُواْ﴾



واتە: ئەی باوەڕداران ڕوکوعو سوژدە بەرن لەنوێژدا، هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێکردووە . فەرموویەتی: (إِذَا قُمْتَ إِلَى الصَّلاة ...ثُمَّ اسْجُدْ حَتَى تَطْمَئِنَّ سَاجِداً )[٢] واتە: ئەگەر هەستایت بۆ نوێژ... پاشان سوژدە ببەو تێیدا بمێنەرەوە تاوەکو لاشەت بەتەواوی لەجوڵە دەکەوێت، وە دەبێت سوژدە بردن لەسەر حەوت ئەندام ببرێت ، هاوەڵی خۆشەویست ئیبنو عەبباس (ڕەزای خوایان لێ بێ) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (أُمِرْتُ أَنْ أَسْجُدَ عَلَى سَبْعَةِ أَعْظُمٍ الْجَبْهَةِ – وَأَشَارَ بِيَدِهِ عَلَى أَنْفِهِ – وَالْيَدَيْنِ وَالرِّجْلَيْنِ وَأَطْرَافِ الْقَدَمَيْنِ)[٣] واتە: فەرمانم پێکراوە کە سووژدە بەرم لەسەر حەوت ئەندام (نێوچەوان، بەدەستی

=

(٣) بۆ زیاتر شارەزا بوونت بڕوانە: چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر(ﷺ) نوسینی شێخ ئەلبانی (رحمه الله) .


(٢) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٦٦٦٧) ومُسْلِمٌ (٨٨٤) .

(٣) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٨١٢) ومُسْلِمٌ (١٠٩٨) .

ئاماژەی بۆ لوتی دەكرد هەردوو دەستو ناولەپ، وە ئەژنۆكان، وەلێواری پێیەكان، وە سوننەتە سێ جار بوترێت: (سُبْحَان رَبِّي الأَعْلَى وبحمده) [١] .

## ( ١٤ ) سەر بەرز كردنەوە لەسووژدە (رَفْعُ الرَّأْسِ مِنْ السُّجُود):

سەر بەرز كردنەوەو ڕاست كردنەوەی پشت لەسوژدە ڕوكنێكە لە نوێژ .



وە بە ئەنجام نەدانی نوێژ بەتاڵ دەبێتەوە، هاوەڵی خۆشەویست ئیبنو مەسعود (ڕەزای خوایان لێبێت) دەفەرمووێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (لاَ تُجْزِئُ صَلاَةُ الرَّجُلِ حَتَّى يُقِيمَ ظَهْرَهُ فِي الرُّكُوعِ والسجود والسُّجُود )[٢] .

واتە: نوێژی هیچ كەسێك تەواو نییە ئەگەر پشتی لەدوای سوژدە ڕاست نەكاتەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

( إِذَا قُمْتَ إِلَى الصَّلاةِ ... ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ جَالِساً )[٣] .

واتە: ئەگەر هەستایت بۆ نوێژ ... پاشان لە سوژدە هەڵبسەوە تاوەكو بە تەواوی پشتت ڕاست دەبێتەوە .

وە سوننەتە سێ جار بوترێت: ( رَبِّ اغْفِرْ لِي رَبِّ اغْفِرْ لِي) [٤] .

---

(١) بۆ زیاتر شارەزا بوونت بڕوانە: چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر(ﷺ) نوسینی شێخ ئەلبانی (رحمه الله) .

(١) (صَحيح) أَخْرَجَهُ أَبُودَاوُد والتِّرْمِذِي وابن مَاجَه والنَّسَائِيُّ وصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الجَامِع (٧٢٢٥) .

(٢) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٦٦٦٧) و مُسْلِمٌ (٨٨٤) .

(٤) بۆ زیاتر شارەزا بوونت بڕوانە: چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر(ﷺ) نوسینی شێخ ئەلبانی (رحمه الله) .

**(١٥) دانیشتن بۆ تەحیات (التَّحِيَّات):**

خوێندنی تـەحیاتی کۆتـایی ڕوکنێکـە لـە نوێـژ، جـا هـەر کەسـێك نـەی خوێنێـت نوێژەکەی بەتاڵە[(١)] وە سوننەتە لەسەر پێی چـەپ دابنیشـیتو پەنجـەکانی پێـی ڕاست بچەقێنیتە سەر زەوی‌و دەستی چەپ بخەیتە سەر ڕانی چەپ، بەڵام بۆ تەحیاتی چوار ڕکاتی پێی چەپ دەردەکرێتە دەرەوەو لەسەری دادەنیشرێت و بەدەستی چەپ ڕانی چەپ دەگریت و دەڵێیت: (التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ السَّلاَمُ عَلَيْكَ[(٢)] أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلاَمُ عَلَيْنَـا وَعَلَـى عِبَـادِ اللَّـهِ الصَّـالِحِينَ، أَشْـهَدُ أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّـهُ، وَأَشْـهَدُ أَنَّ مُحَمَّـدًا عَبْـدُهُ وَرَسُولُهُ[(٣)] اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ، اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ، وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ)[(٤)] اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ،



---

(١) (صَحِيح) أَخْرَجَهُ النَّسَائِيُّ وصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي الإِروَاء (٣١٩) .

(٢) کاتێك پیغەمبەری خوا(ﷺ) وەفاتی کرد صەحابەکان لەتەحیاتدا دەیان ووت: (السَّلامُ عَلَى النَّبِيِّ) بۆ زیاتر شارەزا بوونت بڕوانە: چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر(ﷺ) لەنوسینی زانای فەرموودەناس شێخ ئەلبانی(رحمه الله).

(٣) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٨٣١) و مُسْلِمٌ (٨٩٥) .

(٤) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٣٣٧٠) و مُسْلِمٌ (٩٠٧) .

وَمِنْ عَذَابِ النَّارِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ[١] .

**پاشان هەر دوعایەك بیەوێت پێی دەپارێتەوە، بێگومان تەحیات خوێندن شێوازی زۆرە، بڕوانە: چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر (ﷺ) لەنوسینی زانای فەرمووودەناس شێخ ئەلبانی** (رحمه الله) .

## ١٦- پەنجە جولآندن لەتەحیاتدا:

پەنجـە جولآنـدن لەتەحیاتـدا سـوننەتێكی پـیرۆزی پێغەمبـەری خوایـە (ﷺ) وە هاوەڵـە بـەڕێزەكان و شـوێن كـەوتوانیان پـەیڕەوی ئـەم سـوننەتە پیرۆزەیـان كـردووەو بـەردەوام بوونـە لەسـەری، جـا لەسـەرەتای خوێنـدنی تەحیاتـدا پەنچـەی شـەهادە ڕوو دەكرێتـە قیبلـەو سـەیری دەكرێـت و دەجوولێنرێـت و دووعـای پێـدەكرد، هـاوەڵی خۆشەویست وائیلی كوڕی حوجر (ڕەزای خوایان لیّ بێت) دەفەرمووێت:



( رَأَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) ... وَرَفَعَ الَّتِي تَلِيهِمَا يَدْعُو بِهَا فِي التَّشَهُّدِ )[٢] .

واتـە: بینـیم پێغەمبـەر (ﷺ) نوێـژی دەكـرد، لـە تەحیاتـدا پـ
شـايەتومانی بـەرز دەكـردەوەو دەیجولآنـدو دوعـای پـیّ د
وەئیبنـو عومـەر (ڕەزای خوایـان لـیّ بێـت) دەفـەرمووێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( لَهِيَ أَشَدُّ عَلَى الشَّيْطَانِ مِنَ الْحَدِيدِ )[٣] .

واتە: پەنجە جولآندن لە تەحیاتدا قورسترە لەسەر شەیتان لەوەی كەبەئاسن لێی بدەیت .

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٨٣٢) و مُسْلِمٌ(١٣٢٥) .

(٢) (صَحِيح) أَخْرَجَهُ أَبُودَاوُد (٧١٦) وابن مَاجَه (٩١٢) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي مِشْكَاة الْمَصَابِيح (٩١١) .

(٣) (حَسَن) أَخْرَجَه أَحْمَد (٦١٤٣) وَحَسَّنَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي مِشْكَاة الْمَصَابِيح (٩١٧) .

### ( ١٧ ) سەلام دانەوە ( التَّسْلِيم ):

سەلام دانەوەی لای ڕاست ڕوکنی نوێـژە، جـا هەرکەسـێك لەنوێـژدا سـەلامی لای ڕاست نەداتەوە نوێژەکـەی بەتاڵـە، هـاوەڵی خۆشەویسـت ئیمـامی عَلـي (ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرموویت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

( مِفْتَاحُ الصَّلاَةِ الطُّهُورُ وَتَحْرِيمُهَا التَّكْبِيرُ وَتَحْلِيلُهَا التَّسْلِيمُ )[١] .

واتـە: کلیلـی نوێـژ پـاك کردنەوەیـە (دەسـت نوێـژە)، وە حـەرام کردنیشـی (مەبەست لە حەرام کردنـی کـارو گوفتارێکـە کـە لـە نوێـژدا نییـە)، وە ( الله اکبرُ )رە، وە سەلامدانەوەش حەلاڵ کـاری هـەموو ئەوشـتانەیە کەلـە نوێـژدا قەدەغەی لێکراوە .

هەروەها سوننەتە بووترێت: ( اَلسَّلام عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اَللَّه ) .

بەلای ڕاست و چەپیشدا بەهەمان شێوە بوترێت .

وە هەنـدێك جـار بـەلای ڕاسـتدا (وَبَرَكَاته) دەوترێـت، بـەڵام بـەلای چـەپدا (وَبَرَكَاته) ناوترێت .

---

(١) (صَحيح) أَخْرَجَهُ أَبُودَاوُد والتِّرْمِذِي وابن مَاجَه والنَّسَائِيُّ وصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الْجَامِع (٥٨٨٥) .

## زیکری دوای نوێژ (الأَذْكَارِ بَعْدَ الصَّلاَةِ)

**زیکرەکانی دوای نوێـژ زۆرن، بەشـێوەیەکی گشـتی سـوننەتە لـەدوای نوێـژە فەرزەکان ئەمانە بووترێت:**

(١) **یەك جار بووترێت:** (اللَّهُ أَكْبَرُ)[١] .

(٢) **سێ جار بووترێت:** (اسْتَغْفَرَ اللَّهَ، اسْتَغْفَرَ اللَّهَ، اسْتَغْفَرَ اللَّهَ)[٢].

(٢) **یەك جار بووترێت:** (اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِك وَشُكْرِك وَحُسْنِ عِبَادَتِك)[٣].

(٣) **یـەك جـار بووترێـت:** (اللَّهُمَّ أَنْتَ السَّلام وَمِنْك السَّلام تَبارَكْت يَاذَا الْجَلال وَالإِكْرَام)[٤] .

(٤) **یەك جار :** (آيَةَ الْكُرْسِيّ)[٥] **بخوێنرێت** .

(٥) **یەك جار سـورەتی** (الإِخْلاص) ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ **وە سـورەتی:** (الْفَلَقِ) ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ﴾ **وە سـورەتی:** (النَّاسِ) ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾[٦]

---

(١) ابن عَبَّاس (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) دەفەرمووێ بە(اللَّهُ أَكْبَرُ) دەم زانی کە پێغەمبەر(ﷺ) لە نوێژ بووەتەوە(البُخَارِيّ(٨٤٢) .

(٢) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (١٣٦٢) .

(٣) (صَحيح) أَخْرَجَهُ أَبُودَاوُد (١٥٢٢) وصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح ا لتَّرْغِيب وَالتَّرْهِيب(١٥٩٦) .

(٤) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (١٣٦٣) .

(٥) (صَحيح) أَخْرَجَهُ الطَّبَرَانِيُّ والنَّسَائِيُّ، وصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الجَامِع (٦٤٦٤) .

(٦) (صَحيح) أَخْرَجَهُ أَبُودَاوُد والنَّسَائِيُّ وصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع(١١٥٩) وفي الصحِيحَة(١٥١٤) .

**جگە لە نوێژی بەیانیان، جونکە لە پاش نوێژی بەیانیان سیٚ جار دەخوێنرێت .**
**وە ( ٦ ) ( ٣٣ ) بووترێت:** ( سُبْحَانَ اللَّهِ ) ( ٣٣ )(الْحَمْدِ لِلَّهِ) ( ٣٣ ) (اللَّهُ أَكْبَرُ )، **وە یەك جار بووترێت** ( لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ )[١] .

## ئەوشتانەی نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە

### ( ١ ) پێکەنین (الضَّحِك):

زانایان هاو دەنگن لەسەر ئەوەی کە پێکەنین نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە، بەلاٚم زەردەخەنە نوێژ بەتاڵ ناکاتەوە، وە زانایان دەفەرموون: زەردەخەنەش (مَكْرُوه)، چونکە جوان نییە بۆ کەسێك لەبەرامبەر پەروەردگاردا بێتو پێبکەنیٚ، شیخ: (إِبْنُ الْعُثيمين) دەفەرمووێت: ئەگەر کەسێك پێکەنین زۆری بۆ هێناو لەتوانای خۆیدا نەبوو خۆی پێنەدەگیرا یان حوکمەکەی نەزانێت، ئەوا نوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە، بەمەرجێك زۆر نەبێت[٢] .

### ( ٢ ) ئە نجام نەدانی ڕوکنێکی نوێژ:

بێگومان نوێژ پایەی هەیە، وەبەئەنجام نەدانی پایەکانی نوێژ بەتاڵ دەبێتەوە، وەك نەخوێندنی سورەتی( فاتحا)یان ئەنجام نەدانی ڕوکوعو سوژدە) وە جارێکیان کابرایەك هاتە ناو مزگەوتەوە نوێژ بکات جا بەپەلە

---

(١) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (١٣٨٠) .
(٢) **بڕوانە**: مجموع فتاوى العلامة ابن باز(٣٤٤/٢٩) والجامع الاحكام فقه السنة، للشيخ: إبن عُثيمين(٣٨٩/١) .

نوێـژی کـردو ڕوکـوع وسـوژدەی بـەجوانی ئـەنجام نـەدەدا، جـا پـێغەمبـەری خوا(ﷺ) کاتێ بینیـی فـەرمووی: نوێژەکـەت دووبـارە بکـەرەوە چـونکە تـۆ نوێژت نەکردووە[1].

## ( ٣ ) قسەکردن (الكَلاَم):

قســەکردن نوێــژ بــەتاڵ دەکاتــەوە ئەگــەر بەئەنقەســت بێــت، هــاوەڵی خۆشەویســت موعاویــەی کــوڕی حــەکیم (ڕەزای خــوای لــێ بــێ) دەفــەرمووێت، جارێکیان نوێژم دەکرد، وە کابرایەك لە تەنیشتمەوە بوو، جا کابراکە پژمی، منیش پێم ووت (يَرْحَمُكَ اللَّهُ) خەڵکی ناو مزگەوتەکە هەموو سەیریان دەکردم، منیش وتم ئەو خەڵکە بۆچی وا سەیرم دەکەن، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێمـی فـەرموو: ( إِنَّ هَذِهِ الصَّلاَةَ لاَ يَصْلُحُ فِيهَا شَيْءٌ مِنْ كَلاَمِ النَّاسِ إِنَّمَا هُوَ التَّسْبِيحُ وَالتَّكْبِيرُ وَقِرَاءَةُ الْقُرْآنِ )[2] واتە: ئەم نوێژە قسـەکردنی خـەڵکی تێـدا دروسـت نییە، بەڵکو(سُبْحَانَ اللَّه) کردنو (اللَّهُ أَكْبَرُ) کردن و قورئان خوێندنە .

پێشەوا نەوەوی دەفەرمووێ: قەدەغەکراوە لەنوێـژدا قسـەکردن، جـا ئەگـەر ئەو قسەکردنە بۆ پێویستیش بێت، وە دەفەرمووێت: ئەگەر کەسێك لەنوێژدا بوو، وە ویستی کەسێك ئاگادار بکاتەوە ئەوا(سُبْحَانَ اللَّه) دەکات، ئەگەر پیاو بێـت، بـەڵام ئەگـەر ئـافرەت بێـت ئـەوا لەناولـەپی دەسـتی خـۆی دەدات،

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٧٥٧) ومُسْلِمٌ (٨٨٣) .

(٢) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (١٢٢٧) .

لەکۆتایدا دەفەرمووێت: ئەمە بۆچونی هەموو(سَلَف وخَلَف)ـە[١]، بەڵام ئەگەر کەسێك نەزانێتو ئاگاداری حوکمەکەی نەبێت، ئەوا نوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە[٢] .

## ( ٤ ) تێپەڕ بوونی گوێ درێژ بەبەردەم نوێژدا :

هاوەڵی خۆشەویست ئەبو ذەری غیفاری(ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( تُعادُ الصَّلاَةُ مِنْ مَمَرِّ...الحِمَارِ )[٣] .

واتە: نوێژ دووبارە دەکاتەوە ئەو کەسەی کە گوێ درێژ بە بەردەمیدا تێدەپەڕێت .

## ( ٥ ) تێپەڕ بوونی ئافرەتی باڵغ بەبەردەم نوێژدا :

هاوەڵی خۆشەویست ئەبو ذەری غیفاری(ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( تُعادُ الصَّلاَةُ مِنْ مَمَرِّ... وَالمرْأةِ )[٤] .

واتە: نوێژ دووبارە دەکاتەوە ئەو کەسەی کە ئافرەتی باڵغ بە بەردەمیدا تێدەپەڕێت .

## ( ٦ ) تێپەڕ بوونی سەگی ڕەش بەبەردەم نوێژدا :

هاوەڵی خۆشەویست ئەبو ذەری غیفاری(ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێ:

---

(١) **بڕوانە:** (شَرْح النَّوَوِيّ عَلَى مُسْلِم (٥/٢١) وە (نَيْل الأَوْطَار (٢/٣٦٤) .

(٢) **بڕوانە:** الجامع الاحكام فقه السنة، للشيخ/ مُحَمَّد بْن صَالِح الْعُثيمين (١/٣٨٩) .

(٣) (صَحِيح) أَخْرَجَهُ اِبْن خُزَيْمَة(٨٣١) اِبْن حِبَّانَ(٢٣٩١) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي السِلسِلة الصَحِيحَة(٣٣٢٣).

(٤) (صَحِيح) أَخْرَجَهُ اِبْن خُزَيْمَة(٨٣١) اِبْن حِبَّانَ(٢٣٩١) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي السِلسِلة الصَحِيحَة(٣٣٢٣).

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (تُعادُ الصَّلاَةُ مِنْ مَمَرِّ...وَالكَلْبِ الأسْوَدِ)[(١)]
واتە: نوێژ دووبارە دەکاتەوە ئەو کەسەی کە سەگی ڕەش بەبەردەمیدا تێدەپەڕێت، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (الْكَلْبُ الْأَسْوَدُ شَيْطَانٌ) واتە: سەگی ڕەش شەیتانە .

## قەدەغەلێکراوە کانی ناو نوێژ

### (١)چاو نوقاندن ( تَغْمِيض الْعَيْنَيْن ):

زۆرێك لەزانایان دەفەرموون چاو نوقاندن باش نییە لەنوێژدا، چونکە کرداری جولەکەکانە، (إِبْنُ الْقَيِّم) دەفەرمووێ: چاو نوقاندن لەڕێ و ڕێبازی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نییە، بەڵام فەرموودەی ڕاست هەیە لەبارەی سەیر کردنی پەنجەی شایەتومان لەتەحیاتدا، لەکۆتاییدا دەفەرمووێ: ئەگەر شوێنی سوژدە سەرنج ڕاکێش بوو، وە خشوعی لەنوێژدا نەدەهێشت، ئەوا چاونوقاندن دروستە [(٢)] .

### ( ٢ ) پاك کردنەوەی شوێنی سوژدە (تَسْوِيَةِ التُّرَابِ):

پاك کردنەوەی شوێنی سوژدە کارێکی باش نییە لەنوێژدا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگەی بە هیچ کەس نەداوە لە نوێژدا بێت و شوێنی سوژدە پاك بکاتەوە، هاوەڵی خۆشەویست موعەیقیب (ڕەزای خوای لێ بێ)

---

(١) (صَحِيح) أَخْرَجَهُ اِبْن خُزَيْمَة(٨٣١) اِبْن حِبَّانَ(٢٣٩١) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي السِلسِلة الصَحِيحَة(٣٣٢٣).
(٢) بڕوانە: پەڕتوکی (زاد المعاد (١/٣٨٣) .

دەفەرمووێت: کابرایەك هاتە ناو مزگەوت نوێژی کرد، جا کاتێك کە سوژدەی دەبرد شوێنی سوژدەی پاك دەکردەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەکابراکەی فەرموو:( إِنْ كُنْتَ فَاعِلاً فَوَاحِدَةً )[١] .

واتە: ئەگەر وات کرد (شوێنی سوژدەت پاککردەوە) تەنها جارێك بەسە .

**( ٣ ) دەست گرتن لەسەر پەراسوو (الاخْتِصَار):**

دەست گرتن لەسەر پەراسوو قەدەغەکراوە لە نوێژدا، هاوەڵی خۆشەویست ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێت: (نَهَى أَنْ يُصَلِّيَ الرَّجُلُ مُخْتَصِرًا)[٢] واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەست گرتنی لەسەر پەراسوو لەکاتی نوێژ کردندا قەدەغە کردووە، پێشەوا نەوەوی دەفەرمووێت: بۆیە قەدەغە کراوە، کرداری جوولەکەیە، وە کرداری ئەو کەسانەیە کەخۆیان بەزل دەزانن[٣] .

**( ٤ ) سەیرکردنی ئاسمان (رَفْع الْبَصَر إِلَى السَّمَاءِ):**

زۆرێك لە خەڵکی لە نوێژدا سەر بەرزدەکەنەوەو چاودەگێڕێت بەئاسماندا، بەڕاستی ئەم کردارە پێچەوانەی کرداری پێغەمبەری خوایە (ﷺ) وە هەڕەشەی توندی لەوکەسانە کردووە کە چاودەگێڕن بەئاسماندا، هاوەڵی خۆشەویست جابر(ڕەزای خوای لێ بێ)

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (١٢٠٧) و مُسْلِمٌ (١٢٢١) .

(٢) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (١٢٢٠) و مُسْلِمٌ (١٢١٨) .

(٣) بڕوانە: (شَرْح النَّوَوِيّ عَلَى مُسْلِم (٥/٣٦) .

دەفـــەرمووێ، پێغەمبـــەری خـــوا (ﷺ) فەرموويـــەتی: ( لَيَنْتَهِـيَنَّ أَقْـوَامٌ يَرْفَعُونَ أَبْصَارَهُمْ إِلَى السَّمَاءِ فِي الصَّلاَةِ أَوْ لاَ تَرْجِعُ إِلَيْهِمْ )[١].

واتــە: كەســانێك هــەن لەنوێــژدا ســەريان بــەرز دەكەنــەوەو چـاو دەگێــڕن بەئاسمانــدا، يــان واز دێــنن، يــان خــوای گــەورە چــاوەكانيان لــێ دەستێنێتەوەو بۆيان ناگێڕێتەوە .

**( ٥ ) ئاوڕدانەوە ولاكردنەوە( الإلتِفَات ):**

لەناو خەڵكيدا كەسانێك هەن كاتێك نوێژ دەكەن ئـاوڕ دەدەنـەوە بـەلای ڕاسـت و چەپياندا، وە يان سەيری سەقفی خانوو مزگەوت دەكەن، بگرە جاری واهەيە بير لەچــۆنێتی دروســتكردنی نــەخش و جوانيەكەيشــی دەكەنــەوە، پێغەمبــەری خوا(ﷺ) ئەم كردارەی قەدەغەكردووە لەنوێژدا، وە جەختيشی لەسـەر ئـەم قەدەغـە كردنە كردۆتـەوە[٢] چـونكە خشـوع لەنوێـژدا ناهێڵێـت، دايكـی بـاوەڕداران عَائِشَـة (ڕەزای خــوای لــێ بــێ) دەفــەرمووێ: پرســيارم كــرد لــە پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) لەبارەی ئاوڕدانەوەو لاكردنەوە لەنوێژدا، ئـەويش فـەرمووی: (هُوَ اخْتِلاَسٌ يَخْتَلِسُ الشَّيْطَانُ مِنْ صَلاَةِ أَحَدِكُمْ)[٣] واتە: ئاوڕدانەوە دزيە شەيتان لەنوێژەكەتانی دەدزێت.

**( ٦ ) باوێشك دان ( التَّثَاؤُب ):**

هەندێك لەموسڵمانان لەناو نوێژدا ئەگەر باوێشكی بۆ بێت، ئەوا دەمی دەكاتەوەو دەنگێكـی بـەرزی لـێ دەردەچـێت، لەڕاسـتيدا ئـەم كـارە زۆر ناشـرينە، هـاوەڵی

---

(١) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٩٦٥) .

(١) بڕوانە: چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر(ﷺ) لەنوسينی زانای فەرموودەناس شێخ (مُحَمَّد نَاصِر الدِّين الأَلْبَاني) .

(٢) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٧٥١) .

خۆشەویست ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: باوێشك دان لەشەیتانەوەیە، جا هەر کەسێك باوێشکی هات بابیگێڕێتەوە ئەگەر توانی، چونکە ئەگەر کەسێك باوێشك بدات وبڵێ(ها)، ئەوا شەیتان پێی پێدەکەنێت[(١)] .

**تێبینی**: دروستە لەنوێژدا ئەگەر باوێشکت هات پشتی دەستی چەپت بخەیتە سەر دەمت .

## ٧- کۆکردنەوەی پۆشاك و پرچ:

مەبەست لەکۆکردنەوەی پۆشاك و پرچ پاراستنێتی لە بڵاوبونەوەی لە نوێژدا، وە یان کۆیان بکاتەوە لە کاتی سوژدە بردندا، زۆریك لەموسڵمانان لەنوێژدا کاتێك دەچن بۆ سوژدە شەرواڵەکەیان هەڵدەکەن و پاشان دەچن بۆسوژدە هاوەڵی خۆشەویست ئیبنو عەبباس (ڕەزای خوایان لێ بێ) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

( أُمِرْتُ أَنْ أَسْجُدَ عَلَى سَبْعَةِ أَعْظُمٍ وَلاَ أَكُفَّ ثَوْبًا وَلاَ شَعْرًا )[(٢)] .

واتە: فەرمانم پێکراوە سوژدە بەرم لەسەر حەوت ئەندام، نەپۆشاك کۆبکەمەوە نەپرچ، زانای فەرموودەناس شێخ ئەلبانی دەفەرمووێ: ئەم نەهی کردنە تایبەت نییە بەکاتی نوێژەوە، بەڵکو ئەگەر پۆشاکەکەی یان پرچی پێش نوێژ کۆ کردبێتەوەو پاشان بەو شێوەیە ڕۆیشتە نوێژەکەوە، ئەوا بەهەمان شێوە نەهیەکە دەیگرێتەوە، بە بۆچوونی زۆربەی زانایان، وە

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٣٢٨٩) .

(٢) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٨١٦) و مُسْلِمٌ (١٠٩٦) .

جارێکیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) پیاوێکی بینی پرچی کۆکردبۆوە لەپشتی سەری فەرمووی: نمونەی ئەم پیاوە، وەك کەسێك وایە کە بەستڕابێتەوەو نوێژیش بکات[١] .

هە ڵکردنی قۆڵی قەمیس بەشێکە لە کۆکردنەوەی پۆشاك، وَاللَّهُ أَعْلَمُ .

## ( ٨ ) ڕاخستنی هەردوو ئانیشك لە سوژدە:

قەدەغە کراوە لە سوژدەدا ئانیشك ڕابخرێت، هەروەك چۆن سەگ ڕای دەخات، هاوەڵی خۆشەویست ئەنەس (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( اعْتَدِلُوا فِي السُّجُودِ، وَلاَ يَبْسُطْ أَحَدُكُمْ ذِرَاعَيْهِ انْبِسَاطَ الْكَلْبِ )[٢] واتە: ڕێك ببنەوەو ڕاست ببنەوە لەسوژدەدا، وە باڵتان ڕامەخەن هەروەك چۆن سەگ باڵی ڕادەخات .

## ( ٩ ) قورئان خوێندن لەڕوکوع و سوژدە:

قەدەغەکراوە لەڕوکوع و سوژدەدا قورئان بخوێنرێت، هاوەڵی خۆشەویست ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( أَلاَ وَإِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَقْرَأَ الْقُرْآنَ رَاكِعًا أَوْ سَاجِدًا...)[٣] .

---

(١) بڕوانە: چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر(ﷺ) لەنوسینی زانای فەرموودەناس شێخ (مُحَمَّد نَاصِر الدِّين الأَلْبَانِي) .

(٢) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٨٢٢) ومُسْلِمٌ (١١٠٢) .

(٣) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (١٠٧٤) .

واتە: ئاگادار بن من ئەوەم لێ قەدەغە کراوە لەڕوکوع و سوژدەدا قورئان بخوێنم، زانای فەرموودەناس شێخ ئەلبانی دەفەرمووێت: ئەم قەدەغەکردنە گشتیە، واتە نوێژی فەرزو سوننەت دەگرێتەوە[1] .

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: لەڕوکوعدا گەورەیی پەروەردگارتان دەربڕن، وە لە سوژدەدا زۆر لەپەروەردگارتان بپاڕێنەوە .

## ( ١٠ ) جولآندنەوەی زۆر:

زانایان پێیان باش نییە، کە زۆر جوڵە بکرێت لە نوێژدا، چونکە جولآنەوەی زۆر خشوع لەنوێژدا ناهێڵێت، هاوەڵی خۆشەویست جابر(ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێت: لە نوێژدا زۆر جووڵە جووڵمان دەکرد پێغەمبەری خوا (ﷺ) بینیمانی، پاشان فەرمووی: دەتان بینم دەستان بەرز دەکەنەوەو زۆر دەجولێنەوە لەنوێژدا، ئایا بۆ جوان ناوەستن و بە هێمنی نوێژەکانتان ناکەن؟ هەروەك چۆن مەلائکەتەکان دەوەستن و خواپەرستی دەکەن؟ هاوەڵەکان (ڕەزای خوایان لێبێ) فەرموویان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن مەلائکەتەکان دەوەستن بۆ خواپەرستی؟ ئەویش فەرمووی: بەڕیز دەوەستن و ریزەکانیان ڕێك دەخەن[2] بەلآم ئەوەی ئاشکرایە لەناو موسڵماناندا کەسانێك هەن کاتێك نوێژ دەکەن، زۆر دەجولێنەوە، جا کەسی وا هەیە پۆشاکەکەی ڕێك دەخات، یان دەست بەدەمو چاویدا دێنێت، بگرە جاری وا هەیە پەنجەش دەکرێت بەناو لوتدا، لەڕاستیدا ئەم کارانە هەموویان ناشیرین و قێزەونن بەتایبەتی پەنجە کردن بەلوتدا،

---

(٣) بروانە: چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر(ﷺ) لەنوسینی زانای فەرموودەناس شێخ (مُحَمَّد نَاصِر الدِّين الأَلْبَانِي) .

(٢) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٩٦٧) .

چونكە ئەم كارە ئەگەر كەسێك لە نوێژیشدا نەبێت كارێكی ناشیرینە چ جای لەنوێژدا كە بەرامبەر خوای پەروەردگار ڕاوەستاوە .

## ( ١١ ) پۆشاك بەسەر شاندا :

هاوەڵی خۆشەویست ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) قەدەغەی كردووە كەسێك نوێژ بكات و پۆشاكەكەی بدات بەسەرشانیدا، واتە: قۆڵی لێوە دەرنەكات[١] .

## ( ١٢ ) لەبەر كردنی پۆشاكی تەنك :

پێویستە لەسەر باوەڕدار لەكاتی نوێژدا پۆشاكێك لەبەر بكەن كە عەورەتیان دابپۆشێت، چونكە لەبەر كردنی پۆشاكی تەنك لەنوێژدا قەدەغە كراوەو خۆشوبهاندنە بە هاوبەش بڕیاردەران، وە نابێت باوەڕدار خۆی بشوبهێنێت بە هاوبەش بڕیاردەران، وە بێگومان خوای پەروەردگار فەرمانی پێكردووین لەكاتی ئەنجامدانی نوێژدا پۆشاكێك لەبەر بكەین جوان بێت و عەورەتمان دابپۆشێت[٢] .

## ( ١٣ ) تێپەڕ بوون بەبەردەم نوێژدا :

باوەڕدار پێش ئەوەی نوێژ بكات، پێویستە بەربەستێك بۆخۆی دابنێت تاوەكو هیچ شتێك نوێژەكەی پێ نەبڕێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەڕەشەی توندی لەو كەسانە كردووە، بەبەردەم كەسێكدا تێ دەپەڕن كە نوێژ دەكات، هاوەڵی خۆشەویست ئەبو جوهەیم(ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ)

---

(١) (حَسَن) أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد (٦٤٣) وحَسنهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (٦٨٨٣) .

(٢) بڕوانە: مُخْتَصَر تَفْسِيرُ اِبْن كَثِير (١/٣٩٠) .

فەرموویەتی: ئەگەر ئەو کەسەی بەبەردەم نوێژێکدا تێدەپەڕێت بزانێت چەندە تاوانی لەسەرە؟ ئەوا ئەگەر (چل) بوەستایە زۆر بۆی باشتر بوو لەوەی کە بەبەردەم ئەو نوێژەدا بڕوات، هاوەڵەکان (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەفەرموون: نازانین مەبەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (چل ڕۆژ بوو، یان چل مانگ، یان چل ساڵ بوو)[1].

## ڕێگەپێدراوەکانی ناو نوێژ

### (١) چوونە پێشەوە لەکاتی پێویستیدا:

دروستە ئەگەر کەسێك لە نوێژدا بێت و بچێتە پێشەوە یان بێتە دواوە، جا ئەگەر ئەو نوێژە فەرز بێت یان سوننەت، دایکی باوەڕداران عَائشَة(ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ماڵەوە نوێژی دەکرد دەرگای ژورەکەش داخرابوو، جا منیش هاتم و لە دەرگامدا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرگاکەی بۆکردمەوە، دەرگاکەش ڕووی لەقیبلە بوو[2].

### (٢) کوشتنی مارو دووپشك:

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٥١٠) و مُسْلِمٌ (١١٣٢) .

(٢) (حَسَن) أَخْرَجَهُ التِّرْمِذِي (٦٠٦) و النَّسَائِيُّ (١٢٠٦) وَحَسَّنَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي مِشْكَاة الْمَصَابِيح (١٠٠٥) .

دروستە لە نوێژدا بێتو مارو دووپشك بكوژێت، ئەبو هورەیرە(ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرموویێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( اقْتُلُوا الأَسْوَدَيْنِ فِي الصَّلاَةِ الْحَيَّةَ وَالْعَقْرَبَ)[1] واتە: دوو ڕەشەكە بكوژن لە نوێژدا، (مارو دوپشك)

## ( ٣ ) هەڵگرتنی منداڵ:

دروستە ئەگەر كەسێك لە نوێژدا بێتو منداڵ بێتە بەردەمی وهەڵی بگرێت، ئەبو قەتادە (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرموویێت:[2] پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی دەكرد، كچەكەی زەینەبی كچی پێغەمبەر (ﷺ) دەهاتە بەردەم نوێژەكەی جا ئەگەر سوژدەی ببردایە دای دەناو ئەگەر هەڵبسایەتەوە هەڵی دەگرت .

## ( ٤ ) وەڵام دانەوەی سەلام بە ئاماژەكردن:

دروستە وەڵامدانەوەی سەلام بە ئاماژە كردن ئەگەر چی لە نوێژیشدا بێت، هاوەڵی خۆشەویست صوهەیب (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرموویێت: بەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) تێپەڕ بووم نوێژی دەكرد، سەلامم لێكرد، ئەویش وەڵامی دامەوە بەئاماژە كردن[3] .

## ( ٥ ) ڕاست كردنەوەی هەڵە بۆ ئیمام:

---

(١) (صَحِح) أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد (٩١٢) و التِّرْمِذِي (٣٩٠) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الْجَامِع (١١٤٧) .

(٢) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٥١٦) و مُسْلِمٌ (١٢١٢) .

(٣) (صَحِيح) أَخْرَجَهُ أَبُودَاوُد (٩٢٥) والتِّرْمِذِي (٣٦٧) والنَّسَائِيُّ (١١٨٦) وصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي .

دروستە ڕاستکردنەوەی هەڵە بۆ ئیمام ئەگەر هەڵەی کرد، جا ئەگەر لەقورئان خوێندندا بوو بۆی ڕاست دەکرێتەوە، وە ئەگەر ڕوکنێکی نوێژی لەبیر چوو ئەوا بەوتنی ( سُبْحَانَ اللَّه ) ئاگادار دەکرێتەوە، هاوەڵی خۆشەویست ئیبنو عومەر(ڕەزای خوایان لێ بێ) دەفەرمووێت: جارێکیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی کرد لەکاتی قورئان خوێندندا لێی تێکەڵ بوو، پاشان کەسەلامی دایەوە بە ئوبەی کوڕی کەعب (ڕەزای خوای لێ بێ) فەرمووو: ئایا لەگەڵماندا نوێژت کرد؟

ئەویش فەرمووی: بەڵێ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: چی ڕێگری لێ کردی کەوابیرم بخەیتەوە (١) .

## ( ٦ ) گرتنی قورئان بەدەستەوەو سەیر کردنی لە نوێژدا :

زانایان بۆچوونیان جیاوازە سەبارەت بە گرتنی قورئان بەدەستەوە، هەندێکیان دەفەرموون باش وایە کە ئیمام قورئان لەبەر بکات، بۆ ئەوەی پێویستی بەوە نەبێت کە قورئان بە دەستەوە بگرێت، چونکە خشوع لە نوێژدا نایەڵێت، وە هەندێکی تریان دەفەرموون دروستە لەنوێژدا بێتو قورئانیش بەدەستەوە بگریت، جا ئەو کەسە ئیمام بێت قورئان لەسەر موصحف بخوێنێت، یان بۆ ڕاست کردنەوەی ئیمام بێت، پێشەوا بوخاری بابێکی داناوە بەناوی (باب إِمَامَةِ الْعَبْدِ وَالْمَوْلَى)، کە دایکی باوەڕداران عائیشە

---

(١) (صَحِيح) أَخْرَجَهُ أَبُودَاوُد (٩٠٧) وصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني .

(ڕەزای خوای لێ بێ) بەندەیەکی هەبوو ناوی(ذَكْوَان) بوو پێش نوێژی بۆ دەکردن و قورئانی بەدەستەوە دەگرت[1]، هەروەها پێشەوا نەوەوی دەفەرمووێ: دروستەو هیچی تێدا نییە، ئەگەر پەڕەکانیشی هەڵبداتەوە هەندێك جار، هەروەها دەفەرمووێت: دەتوانێت سەیری نوسراوی تریش بکات جگە لەقورئان[2]، هەروەها پرسیار کرا لە زانای پایەبەرز شێخ ئیبن باز دەربارەی قورئان بە دەستەوەگرتن بۆ ئیمام؟ لە وەڵامدا فەرمووی: بەڵێ دروستەو هیچی تێدا نییە، ئەگەر ئەو ئیمامە قورئانی لەبەر نەبێت یان لاوازبێت لە حیفظدا[3] .

## ( ٧ ) گریان:

دروستە وە هیچی تێدا نییە ئەگەر کەسێك لە نوێژدا بێتو بگریەت، جا ئەو گریانە لە ترسی خوا بێت یان هەرشتێکی تر، هاوەڵی خۆشەویست علی(ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێت: لەڕۆژی بەدر سوارمان تێدا نەبوو جگە لە میقداد (ڕەزای خوای لێ بێ)، وە لە شەودا کەسمان نەدەبینرا هەموو خەوتبوین، جگە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە لەژێر دارێکدا نوێژی دەکردو دەگریا تا بەیانی ڕۆژ بووەوە[4] .

---

(١) صَحِيح الْبُخَارِيُّ، باب إِمَامَةِ الْعَبْدِ وَالْمَوْلَى(٥٤) وَكَانَتْ عَائِشَةُ يَؤُمُّهَا عَبْدُهَا ذَكْوَانُ مِنَ الْمُصْحَفِ .

(٢) **بروانە:** الْمَجْمُوع شَرْحِ الْمُهَذَّبِ (٤/٩٥).

(٣) **بروانە:** مَجْمُوع فَتَاوى للشيخ العَلاَمَة (عَبْد الْعَزِيز بن بَاز(١١/٣٤٠).

(٤) (صَحِيح) أَخْرَجَهُ اِبْن خُزَيْمَة (٨٦٢) وصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح ا لتَّرْغِيب وَالتَّرْهِيب (٥٤٥) .

## ( ٨ ) قەدەغەکردنی کەسێك بە پێشتدا تێپەڕێت:

دروستە ڕێگرتن لە هەر کەسێك کە بیەوێت بە بەردەم نوێژدا تێ بپەڕێت، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی بەوکارە کردووە، هاوەڵان و شوێن کەوتوانی پەیڕەوی ئەم فەرمانەیان کردووە (ڕەزای خوای گەورەیان لێ بێ) هاوەڵی خۆشەویست ئەبو سەعید (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرمووێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر یەکێك لەئێوە نوێژی دەکردو کەسێکیش دەیویست بەبەردەم نوێژەکەیدا تێپەڕێت، ئەوا با ڕێگەی پێنەدات وپاڵی پێوە بنێت، جا ئەگەر هەر نەگەڕایەوە، ئەوا با لەگەڵیدا بجەنگێت، چونکە ئەوە شەیتان ئەو کارەی پێ دەکات و شەیتانی لەگەڵدایە[١] .

## دوو تێبینی گرنگ...

١- هەموو ئەوەی کەباس کرا لە چۆنێتی فێربوونی دەست نوێژ و نوێژ هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان پیاوان و ئافرەتاندا، وە لەسوننەتی ڕاستی پێغەمبەردا (ﷺ) هیچ فەرموودەیەك نەهاتووە کە ئافرەتان جیا بکاتەوە لەپیاوان، هەروەها زانایانی ئیسلام دەفەرموون: ژنانیش هەمان شت ئەنجام دەدەن کەپیاوان ئەنجامی دەدەن[٢] .

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٥٠٩) و مُسْلِمٌ (١١٢٩) .

(٢) بڕوانە: چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر(ﷺ) لەنوسینی زانای فەرموودەناس شێخ ئەلبانی (١١٤) .

**٢- بـەڕیز کردنـی چـۆنێتی دەسـت نوێـژو نوێـژ: لەبـەر ئـەو هـەموو فەرموودانەیــە کــە لــە پێغەمبــەری خــواوە (ﷺ) وەرگــیراوە جــا گوفتاربێــت یـان کـردار بێـت کـە بـاس لـە چـۆنێتیەکەی دەکـات، وە هــیچ فەرموودەیــەك نییــە کەپێغەمبــەر (ﷺ) جارێــك لەنوێــژ کردنیدا ئەم پایانەی بەڕیز نەکردبێت .**

## لەکۆتاییدا...

سوپاسو ستایش بـۆ خـوای پـەروەردگار کەیارمـەتی دام بـۆ ئامـادەکردنی ئـەم بابەتە، وە داواکارم لەخوای پەروەردگار کە ئـەم پەرتوکـە بکـات بـەهۆکارێك بـۆ جوان ئەنجامدانی نوێژەکانمان إِنْ شَاءَ اللَّه .

**برای خۆشەویست ... خوشکی بەڕێز ...**

ئەگـەر هەرشـتێك لـەم پەرتوکـەی بەردەسـتدایە لەڕاسـتی و ڕەواو حـەق، ئـەوا لەخوای تاکو تەنهاوەیە، وە هەر شتێکیش لە هەڵەو بیرچوون و خـامۆش کردنـی تێـدابێت، ئــەوا لــە خۆمــەوەو لــە شــەیتانەوەیە ... خــوای پــەروەردگارو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بەرین لێی ... وە پەنا دەگرم بەخوای پەروەردگار لـەوەی کەشتێك بەئێوە بڵێم و خۆشم لەبیری بکەم .

تەنها ئەوەندە دەڵێم ئەگەر هەر کەسێك سوودی لەم پەرتوکە بینی لەدوعای چاکو خێر بیٚ بەشمان نەکات، بەڵکو خوای پەروەردگار لەتاوانەکانی من و ئێوەش خۆش بێت، إِنْ شَاءَ اللَّه.

وە جێی خۆیەتی لێرەشەوە سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی مامۆستای بەڕێز (م. صلاح الدين عبد الكريم) بکەم کە توانی بۆ چاپی چوارەمیش ئەرکی پێداچونەوەو هەڵسەنگاندنی شەرعی ئەم پەرتوکە بگرێتە ئەستۆی خۆی، خوای پەروەردگار پاداشتی خەیری بداتەوە .

وَصَلَّى اللَّهُ تَعَالَى عَلَى خَيْرِ خَلْقِهِ مُحَمَّدٍ وَآلِهِ وَأَصْحَابِهِ أَجْمَعِينَ .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

✍. م. أبوبكرأحمد (١٤٣١) هـ

# سەرچاوەکان


(١) الْقُرْآن الْكَرِيم .

(٢) مُخْتَصَر تَفْسِيْر اِبْن كَثِير:

(٣) تَفْسِيْر السَّعْدِي .

(٤) صَحِيح الْبُخَارِيّ .

(٥) صَحِيح مُسْلِم .

(٦) صَحِيح سُنَن أَبِي دَاوُد/ تَحْقيق الشَّيْخِ الْعَلاَّمَة: مُحَمَّد نَاصر الدِّين الأَلْبَانِي (رَحِمَهُ اللَّه) .

(٧) صَحِيح سُنَن التِّرْمِذِيّ/ تَحْقيق الشَّيْخِ الْعَلاَّمَة: مُحَمَّد نَاصر الدِّين الأَلْبَانِي (رَحِمَهُ اللَّه) .

(٨) صَحِيح سُنَن ابن مَاجَة/ تَحْقيق الشَّيْخِ الْعَلاَّمَة: مُحَمَّد نَاصر الدِّين الأَلْبَانِي (رَحِمَهُ اللَّه) .

(٩) صَحِيح سُنَن الْنَسائِي / تَحْقيق الشَّيْخِ الْعَلاَّمَة: مُحَمَّد نَاصر الدِّين الأَلْبَانِي (رَحِمَهُ اللَّه) .

(١٠) صَحِيح الْجَامِع الْصَّغِير وَزِيَادَته/ لِلشَّيْخِ الْعَلاَّمَة: مُحَمَّد نَاصر الدِّين الأَلْبَانِي (رَحِمَهُ اللَّه).
(١١) شَرْح رِيَاض الصَّالِحِينَ/ لِلشَّيْخِ الْعَلاَّمَة: مُحَمَّد بن صَالِح الْعُثَيمين (رَحِمَهُ اللَّه) .
(١٢) صَحِيح فقه السنة/ الطبعة الثالثة/ ١٤٢١ هـ .
(١٣) الجامع الاحكام فقه السنة، للشيخ/ مُحَمَّد بْن صَالِح الْعُثيمين) .
(١٤) **چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر**(ﷺ) **لە نوسینی زانای فەرموودەناس** الشَّيْخِ الْعَلاَّمَة: مُحَمَّد نَاصر الدِّين الأَلْبَانِي (رَحِمَهُ اللَّه).
(١٥) **چەند سەرچاوەیەکی تریش**...

# ماڵپەڕی فەرموودە

# هەمیشە ڕاستگۆیی

وەلەدوعایی خێر بێ بەشمان مەکەن وە لەگەڵمان بن بۆسود وەرگرتن لەدینەکەمان لەسەر بەرنامە و ڕێگایی خوا کەبریتییە لەقورئان و سوونەت

www.fermude.com